# دیوان


سەرنووسەر
**سمکۆ عەبدولکەریم**

**لەپێناو ڕابردوو، ئێستا و داهاتوودا**

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی گشتییە
ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز
**مەسعودی مەلا هەمزە**

بەڕێوەبەری نووسین
**محەمەد گۆران**

ژمارە (٣٦) ئایاری ٢٠٢٤ زاینی - جۆزەردانی ٢٧٢٤ کوردی


## گۆڤاری دیوان پردێک لە نێوان ڕابردوو، ئێستە و داهاتوو

لە یەکەم ژمارەوە، بەو دروشمە دەستمان پێکرد، پێمان وابوو بە فەرامۆشکردنی ڕابردوو، ناتوانین لە ئێستە تێبگەین و بەرجەستەی بکەین، داهاتووشمان لە کیس دەچێت.

حەسوودیمان بەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەی سەدەی ڕابردوو دەبرد، بەوەی چۆن توانیویانە دوای نزیکەی سێ چارەکە سەدەیەک، ئێستەش جێی بایەخی خوێنەران بن و بە بۆنەو بێ بۆنە، هەم یادبکرێنەوە، هەم بۆ زۆر باسوخواسی ئەدەبیی، سیاسیی و کۆمەڵایەتی بچینەوە سەریان و لاپەڕە لاپەڕە هەڵیاندەینەوە.

ئەمەش دەرخەری ئەو تێگەیشتن و ڕاستییەیە، کە ئەوانیش هەر بەو ئامانج و هیوایەی ئێستەی ئێمە کاریانکردووە، ئەگەرنا دوای ئەوەندە ساڵە هێندە بە تامەزرۆییەوە ئاوڕمان لێنەدەدانەوە.

گۆڤاری دیوان-یش دەیهەوێت بەهەمان ئەو ڕێگەیەی ئەواندا بڕوات، بەڵام بە تێگەیشتن و دونیابینی سەردەمیانەوە، ئەگەر وانەکەین، هەر لە جێی خۆ لەبیر دەچینەوە و نابینە کەرپووچیک بۆ زیاتر هەڵێنانی دیواری ڕۆژنامەگەریی کوردیی و ڕۆشەنگەریی.

بۆیە دەمانەوێ ببینە پردێک لە نێوان (دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی)

بەڵام پردێکی سەلامەت.

سەرنووسەر


هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری نزیک کۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com
(گۆڤاری دیوان) لەتیلیگرام



تیراژ: (١٠٠٠) دانە
دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
سەرپەرشتیاری چاپ: مەهدی ئەحمەد حوسێن (٠٧٥٠٤٥٥٠٢١٣)
چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر (٠٧٥٠٤٤٩٥٦٥٤ - ٠٧٧٠٤٤٩٥٦٥٤)



هەموو ئەو وتار و بابەتانەی لە گۆڤاری دیوان بڵاودەکرێنەوە، ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە



یەکەم ژمارەی گۆڤاری دیوان لە ٢٠٢١/٦/٢٦ بڵاوکرایەوە

# لەم ژمارەیەدا

**• دۆسیە:** (پیرەبابی)


١. پیرەباو .. زانا و ژینگەدۆستێک لەسەدەی شازدە / لوقمان موحەممەد شلانی ..... ٤
٢. ڕێبازی پیرەباو / شەفیقی حاجی خدر ..... ٨
٣. پیرەباوەییەکان و پیرەباوەییایەتی / مارف جێژنە ..... ١٨
٤. پیرەبابی یان پیرەباوەیی / عەبدوڵلا موحەممەد پیرەباوەیی ..... ٢٩


**• مێژوو:**


١. ڕۆڵی قوتابخانە ئایینییەکان و سیستەمی خوێندنی فەرمی - بەشی شەشەم / ئیحسان ڕەشاد موفتی ..... ٣٢


**• تەوەری ئەدەبیی:**


١. هەموو نووسەرەکان لەسەر ئەوە هاوڕان، کە ڕەفیق سابیر شاعیرێکی گرنگی سەردەمە ..... ٤١
٢. ڕەفیق سابیر: ئەگەر کەسێک دوای حەفتا ساڵ تەمەن نەگۆڕابێت .. / سمکۆ عەبدولکەریم ..... ٤٢
٣. پێشەکی کتێبی وەرزی سەهۆڵبەندان بە سویدی ..... ٤٤
٤. خۆراوابوونی نێو کۆڵانەکە ..... ٤٦
٥. خەونی ڕۆشنبیری خەباتگێڕ لەبارەی ئازادییەوە ..... ٤٨
٦. هاواری ئینسان و شۆڕشگێڕ ..... ٥٠
٧. کتێبی نوێ ..... ٥١
٨. گەرمای تەزیو / پێتەر ئورتمان ..... ٥٢
٩. ڕەفیق سابیر لەڕوانینی پرۆفێسۆرێکی نەرویجیدا / پرۆفیسۆری هونەر گوننار دانبۆڵت ..... ٥٣
١٠. ڕەفیق سابیر: ئەو کەسەی لە زێدی خۆی هەڵکەندرا .. / محەمەد گۆران ..... ٥٨
١١. کۆپڵەیەک لە قەسیدەی وەرزی سەهۆڵبەندان ..... ٦٧


**• گفتوگۆ:**


١. گەنگەشەی ڕۆژانە (لەبەرەی نوکتەوە، شۆڕش و ئومێد، ...... ) بەشی شەشەم و کۆتایی ..... ٧٠


**• ڕۆشنبیریی گشتیی:**


١. لەفیمینیزمەوە بەرەو پۆست فیمینیزم .. (بەشی دووەم و کۆتایی) غیاسەددین نەقشبەندی ..... ٨٢


**• دیدار:**


١. عەبدوڵلا سەڕاج / دیداری سمکۆ عەبدولکەریم ..... ٩٢


**• هونەر:**


١. بۆ ئەوەی دوێنێمان لەبیر نەچێتەوە .. بریسکەی عوسمان ئەحمەد لەنێو شەوەزەنگی ئەنفالدا / ناسرِ حەفید ..... ١١٢


**• خوێندنەوەی کتێب:**


١. هەرجارەی کتێبێک لە دڵزارەوە (ئایین لە دژی ئایین) دڵزار حەسەن ..... ١٢٠
٢. دیتراو/ وسبەڵێکراو لەکۆمەڵە شیعری (وەرە لە باخ پێتدەڵێم)ی حەسەن هەندرێنی / عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا ..... ١٢٣
٣. ناشرینکردنی مرۆڤێکی تەنیا لە کەوشەنی کتێبدا / سەدیق سەعید ڕواندزی ..... ١٢٧
٤. ئابڕوو .. سەربووردەی کچێکی هندی، تەقینەوەیەک لە کۆمەڵگەی ئینگلیز / شیلان دەرگەڵەیی ..... ١٢٩


**• وێستگەی دیوان:**


١. سی ڤی .. وشەی ئەمەک بۆ مامۆستا قەناتی کوردۆ / محەمەد گۆران ..... ١٣٢
٢. دیوانی هەولێر (عیسا کەریم اسحاق) دکتۆر جمیل عیسی ..... ١٣٥
٣. پەرۆشنامەیەک لە فوئاد عارف و کەمال مەزهەر / نەوزاد عەلی ئەحمەد ..... ١٣٧
٤. لاشەڕ، قوون قورس، کتێب خوێن / عەبدولخالق یەعقووبی ..... ١٣٨
٥. لە زمانی خۆیانەوە (ژیلوان عەبدوڵلا هەڵەدنی) ئا/ یوسف ئیسماعیل ..... ١٤٠
٦. سالۆنی لاپەڕە (٩) ئا: دیوان ..... ١٤٢


**• لاپەڕە ١٤٤:**


١. بۆ گۆڤاری دیوان .. حەبیب عەلی مەنمی میرانی-یش لە بیر مەکەن! / عەبدوڵا زەنگەنە ..... ١٤٤


هەواڵنامەی کتێب




# تەوەری ئەدەبیی

## ڕەفیق سابیر و وەرزی سەهۆڵبەندان لەدیدی نووسەر و ڕەخنەگرانی سوێدی

لەم شیعرە مەزن و بەهێزەی ‹‹وەرزی سەهۆڵبەندان››دا، جار لەدوای جار گوێم لە زایەڵەی مایاکۆڤسکی دەبێ، نەک وەکوو لاساییکردنەوە، بەڵکو وەکوو جۆرێکی دی، یاخییەکی ئەوینی تایبەت بەخۆی، یان ئەویندارێکی یاخی

**توربیۆرن سێففێ**

وەرزی سەهۆڵبەندان، شیعرەسەردێڕی کۆمەڵەشیعرێک، شیعری شاعیری شاری ئوپسالا ڕەفیق سابیر، شیعرێکی گەورەی هاوچاخە، کە دەکرێت بەشیعری وێرانەخاکی ت. س. ئیلیۆت بەراورد بکرێت

**بوو گوستاڤسۆن**

بەخت یارە کە ڕەفیق بەردەوام فوو لە پشکۆکان دەکات

**ڕیکارد هۆلم**

ڕەفیق سابیر بە سادەییەکی کورتبێژییەوە، بە ئارامییەکی خەمناکەوە دەنووسێت، کە زۆر لە هی نووسەرانی وڵاتانی باکووری ئەورووپا دەچێت.

**مایا نیتیمێکی**

ئەمە وەکوو ڕمێک بوو لە سنگی تورکیا بدرێت. بۆیە تورکیا نە تەنیا ئەو وتار و کتێبانەی یاساخ کردن، کە ناوی ئەو گوڵانەیان تێدا هاتبوو، بەڵکوو کتێبەکانی فرۆدینیش قەدەغە کران

**گوننار دانبۆڵت**

## ڕەفیق سابیر:

# ڕەنگە گرنگترین سانسۆر لە کتێبی ستایشی ژیاندا ئەوە بووبێت، کە ڕێگەم بە خۆم نەداوە تۆڵە لەهیچ کام لەو کەس و نووسەرانە بکەمەوە، کە چەندان درۆ و بوختانیان بۆ هەڵبەستووم



# هەموو نووسەرەکان لەسەر ئەوە هاوڕان، کە ڕەفیق سابیر شاعیرێکی گرنگی سەردەمە

ئەم تێکستانە، بەشێکی ئەو وتار و پێشەکیانەن، کە چەند نووسەر و ڕەخنەگرێکی سویدی، لەبارەی بژاردەی شیعرەکانی ڕەفیق سابیر بە سویدی - وەرزی سەهۆڵبەندان، نووسیویانە.

ساڵی ١٩٩٩ گۆران مەریوانی گوڵبژێرێکی هۆنراوەکانی بەناوی وەرزی سەهۆڵبەندان، لەگەڵ ٢٩ هۆنراوەی هەڵبژاردە تەرجەمەی سویدی کردوون و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوی لیندێلۆفس چاپی کردووە.

بێجگە لە وتاری (ڕەفیق سابیر لە ڕوانینی پرۆفیسۆرێکی نەرویجیدا) و (خەونی ڕۆشنبیری خەباتگێڕ لەبارەی ئازادییەوە) ئەوانی دی سەرجەم من تەرجەمەم کردوون.

تێکستەکانی ئەم تەوەرە، بەشێکی ئەو وتار و پێشەکیانەن، کە چەند نووسەر و ڕەخنەگرێکی سویدی، لەبارەی بژاردەی شیعرەکانی ڕەفیق سابیر بە سویدی - وەرزی سەهۆڵبەنبدان، نووسیویانن و تا ئێستە بە کوردیی بڵاونەکراونەتەوە.

هەموو نووسەرەکان لەسەر ئەوە هاوڕان، کە ڕەفیق سابیر شاعیرێکی گرنگی سەردەمە. یەکێکیان شیعری وەرزی سەهۆڵبەندان بە شیعری (وێرانە خاک)ی ئێلیۆت دەچوێنێ و یەکێکی دیکەش دەڵێ: لەم شیعرە مەزن و بەهێزەی (وەرزی سەهۆڵبەندان) جار لەدوای جار گوێم لە زایەڵەی مایاکۆڤسکی دەبێ، نەک وەکوو لاساییکردنەوە، بەڵکوو وەک جۆرێکی دیکەی یاخییەکی ئەوینی تایبەت بەخۆی، یان ئەویندارێکی یاخی. ڕەفیق-یش ڕێک وەکوو مایاکۆڤسکی دەسووتێت و پڕ بە گەرووی، ژانی سیاسیی و گەردوونیی خۆی دەردەبڕێت.

مەنفا وشەیەکە لە زۆر شیعری ئەودا هەیە. ئەگەر کتێبی (لە ستایشی ژیاندا، ئەزموونی نووسەرێک) بخوێنیتەوە، دەبینی ئەو، بەشی زۆری ژیانی لە مەنفا ژیاوە. لای ئەو، وەکوو لای زۆربەی نووسەرانی ئەورووپای سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیی، مەنفا ڕەهەندی قووڵی سیاسیی و کولتووریی هەیە.

**ڕزگار شێخان**



**ڕزگار شێخانی و ڕەفیق سابیر**

## ڕەفیق سابیر:

# ئەگەر کەسێک دوای حەفتا ساڵ تەمەن نەگۆڕابێت، مانای ئەوەیە ئەو کەسە هیچ شتێک لە ژیان فێر نەبووە

بۆ ئەم تەوەرە، کە زیاتر تایبەتە بەو نووسینانەی چەند نووسەرێکی سویدی دوای چاپ و بڵاوکردنەوەی دیوانی وەرزی سەهۆڵبەندان بە زمانی سویدی لە سەر شیعرەکانی و ڕەفیق سابیر نووسیویانن، بە باشم زانی لە ڕێگەی پەیوەندیی واتس ئاپەوە ئەو چەند پرسیارە سادە و ساکارانەشی لێ بکەم، بۆ ئەوەی بیانکەمە دەروازەیەک بۆ تەوەرەکە، بەتایبەتیش بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە ژیان و تەندروستی ئێستەی و دووری لە کوردستان، کە وەک بۆخۆی دەڵێت ماوەی حەوت ساڵە چاوی بە کوردستان نەکەوتووەتەوە.

**سمکۆ عەبدولکەریم**

هەواڵنامەی کتێب

**– وێڕای تەمەن درێژیی و تەندروستییەکی باش، دەکرێ بزانین باری تەندروستیتان چۆنە؟**

+ چەند ساڵێکە تووشی ناساغیی دڵ هاتووم. دوای چەندجار نەشتەرگەریی، ئامێری (پەیس مەیکەر)یان بۆ دڵم داناوە. ئێستە بەگشتیی باری تەندروستیم باشە.

**– دوای حەفتا ساڵ تەمەن، ئەوە چۆن بوو بیرتان لەوە کردەوە بیرەوەرییەکانت بنووسیتەوە؟ تۆ پێشتر هیچ لەو بیرەوەریانەت لای خۆت تۆمارکردبوون، بۆ ئەوەی لە دەرفەتێکدا بڵاویان بکەیتەوە؟**

+ من وەکوو سەدان هەزار کەسی دی لە دوخێکی نائاساییدا گەورەبووم، دواتر تێکەڵی ڕووداوەکان بووم. لە نزیکەوە ئەو کارەساتانەم بینی، کە لە سایەی شەڕی دەوڵەتی عێراق و شەڕی نێوخۆی بزاڤی چەکداریی کورددا، بەسەر گەلی کوردستاندا هێندران. بە باشم زانی وەک شایەتحاڵێک، بە ئەمانەتەوە بەشێک لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمانە بگێڕمەوە. هەروا ویستوومە وەک شاعیر و نووسەر، دوای پەنجا ساڵ نووسین و چالاکیی ئەدەبیی، چەند لایەنی ئەزموونی خۆم لەم بوارەشدا باس بکەم. بەم جۆرە کتێبەکە هەم ژیاننامە و هەم ئەزموونی نووسەرێکە. بەڵام سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، دەڵێم من ڕۆژانە، یان هەفتانە یاداشتی خۆم نەنووسیوەتەوە، بەڵام هەندێک ڕووداو و بابەتی گرینگ هەن لە کاتی خۆیاندا، یان کەمێک دواتر، لای خۆم بە کورتی نووسیبوومن و دواتر سوودم لێ بینین.

**– لەو بیرەوەریانەتدا هیچ شتێکی خۆت سانسۆر کردووە؟ ئەگەر کردووتە، چین و بۆچی؟**

+ لە نووسینی بیرەوەریدا مەرج نییە هەموو شتێک باس بکرێت، واتا کەم تا زۆر جۆرە سانسۆرێک هەیە، بەڵام زۆر گرنگە مرۆڤ ڕاستگۆیانە ڕووداوەکان بگێڕێتەوە. دیارە منیش لە باسی هەندێک مەسەلەی تایبەت و کاری منداڵانەی سەردەمی هەرزەکاریی، خۆم بەدوور گرتووە، چونکە یان شایەنی باسکردن نەبوون، یان پێوەندییان بە کەسی دیکەیشەوە هەیە، کە لە دۆخیکی وەک کوردستاندا بۆ باسکردن نابن. بەڵام هیچ نهێنییەکی سیاسیم نەشاردۆتەوە، کە گرینگ، یان بایەخدار بووبن. ڕەنگە گرینگترین «سانسۆر» لە کتێبی (لە ستایشی ژیاندا) ئەوە بێت، کە ڕێگەم بە خۆم نەداوە تۆڵە لە هیچ کام لەو کەس و نووسەرانە بکەمەوە، کە چەندان درۆ و بوختانیان بۆ هەڵبەستووم، یان ناهەقییان بەرانبەر کردووم. لەجیاتییان هەوڵم داوە بە دڵێکی پڕ لە لێبووردەییەوە ژیاننامەکەم بنووسمەوە.

**– ئەوەی بڵاوتکردووەتەوە هەر هەموویەتی، یان نا، ئەگەر ماوە بە نیازی بڵاویان بکەیتەوە؟**



پرشنگی ئەوین

بە ڕێگای ئێوارەدا دەڕۆم
پۆلەخەون دەورم دەگرن
بەدوای خۆمدا دەگێڕێم و
زەمان هاوڕێ
لەگەڵ مندا ڕێگا دەکێشێ
دەکێشێ
بەرەو هەرجێ.

لەلێواری دارستاندا تەم دەمتەنێ
ئەستێرە لەمێژە لە ونبوون
شەو بەچاوی گومانەوە بۆم دەڕوانێ.
بەڕێوەم و تاریکی پێشم کەوتووە
من بۆنی بارانم لێ دێ
شەو ڕەنگی جەرگی کردووە.
باکم نییە
لە تاریکیشدا ئەو سەری ڕێگا دەبینم
پرشنگی ئەوینی گەردوونی
کاوێژانی ڕێوجەم بووە.

٢٠٢٤

کۆپلەیەک لە تازەترین شیعری کە هێشتە بڵاوی نەکردۆتەوە بە دەستوخەتی خۆی



+ نەخێر هەمووی نییە. لە کتیبەکەدا سەردەمی دوای ڕاپەڕین و ڕووخاندنی دەوڵەتی عێراق و ئەو حەوت ساڵەی لە کوردستان بووم و کارم کرد (٢٠٠٥ تا سەرەتای ٢٠١١) باس نەکراون، هێشتە بڕیاری نووسین، یان نەنووسینی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەم نەداوە.

**– ئێستە سەرقاڵی چیت و لەکوێ دەژیت؟ لەگەڵ خوێندنەوە چۆنی؟ زیاتر چی دەخوێنیتەوە؟**

+ ئێستە لە ستۆکهۆڵم دەژیم. سەرقاڵی پێداچوونەوەی کۆمەڵەهۆنراوەیەکی نوێم، هیوادارم لە کۆتایی ئەمساڵ بڵاوبکرێتەوە. هەروا وەک هەمیشە خەریکی خوێندنەوەم، بەڵام زیاتر ڕۆمان، شیعر و ژیاننامە دەخوێنمەوە.

**– ماوەی چەند دەبێ سەردانی کوردستانت نەکردووە؟ بەنیازنییت دواجار لە کوردستان بژیت؟**

+ نزیکەی حەوت ساڵە سەردانی کوردستانم نەکردووە. هیوادارم بتوانم دواسالانی ژیانم لەوێ بەسەر بەرم.

**– بە بەراوورد بە سەرەتاکانی ژیانت، ئێستە چ گۆڕانکارییەک لە ژیانت، لە بیروباوەڕت، یان هەر شتێکی دی ڕوویان داوە؟ دەکرێ بڵێین ئێستەش هەر ڕەفیق سابیرەکەی جارانیت؟**

+ ئەگەر کەسێک دوای حەفتا ساڵ تەمەن نەگۆڕابێت، مانای ئەوەیە ئەو کەسە هیچ شتێک لە ژیان فێر نەبووە، یان دروستتر بڵێم ئەو کەسە نەژیاوە. بەڵام ئەوەی لە ڕەفیق سابیرەکەی جاران ماوەتەوە دڵێکی پڕ ئەوین و باوەڕبوونە بە داکۆکیکردن لە ئازادیی گەلەکەم، لە دادپەروەریی، سەروەریی مرۆڤ و هاومافیی ڕەگەز و نەتەوەکان.

**– لە چ شتێک، کە کردووتە پەشیمانی؟**

+ لە ژیانی تایبەتمدا لەوە پەشیمانم کە من بە ئاسانی متمانەم بە کەسێک، یان چەند کەسێک کردووە، کە شایەنی ئەو متمانەیە نەبوون و درۆیان لەگەڵ کردووم. لە ژیانی سیاسیشدا هەڵەم کردووە و لە کتێبەکەدا ئاماژەم پێ داوە. بەڵام بەگشتیی خۆشحاڵ و ئاسوودەم بەوەی، کە لە بڕیاری کوشتنی هیچ کەسێکدا بەشدار نەبووم و دەستیشم بە خوێنی کەس سوور نەبووە.

**– دەکرێ کۆپلەشیعرێکت، کە ئێستە خەریکی نووسینین بۆمانی بنێری و لەگەڵ ئەو تەوەرە بڵاوی بکەینەوە؟**

# پێشەکی کتێبی وەرزی سەهۆڵبەندان بە سوێدی



توربیۆرن سێڤڤێ

ئەو ڕۆژەی ئەم پێشەکییە دەنووسم، لە ڕۆژنامەیەکی ناوچەییدا کورتە هەواڵێک دەبینم:

دهۆک: "کۆکوژیی کورد لە عێراق"

ڕۆژی دووشەممە سوپای تورک بە پاڵپشتیی فڕۆکە، دیسان کوردە یاخییەکانی لە ناوچە شاخاوییەکانی باکووری عێراق ڕاونایەوە. لە شاری هەولێرەوە ڕاپۆرت لەبارەی کۆکوژییەکەوە هاتووە. هەتا ئێستە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکە بووەتە هۆی کوژرانی زیاتر لە هەزار کەس.

ڕۆژی دووشەممە، ڕۆژنامەی حکوومەتی بەعسی عێراق ڕەخنەی لە هەبوونی سوپای تورکیا لە باکووری عێراق گرت و داوای پاشەکشەی لێ کرد. بەڵام سەرەڕای ئەم مەحکومکردنە فەرمییەیش، بەپێی سیاسییەکان لە ناوچەکەدا، پێدەچێ عێراق مۆڵەتی دابێتە چالاکیی سوپایی تورکیا لە باکوور.

(TT-Reuter)

ئەمە تێلیگرامێکی ڕوونە. فەنتاسیی زۆری پێویست نییە بۆئەوەی ڕووداوەکە بگۆڕیت بۆ دۆخێکی گریمانەیی لە باکووری ئەورووپا: میللەتی سام لە قوتبی باکوور«١» لە لایەن سوپای نەرویج کۆمەڵکوژ بکرێت، پاشان لە ستۆکهۆڵمەوە ناڕەزاییەتییەکی لاواز بێت. ئەگەر مرۆڤ هەوڵ بدا بارودۆخی سامەکان وەکوو هی کورد بهێنێتە بەرچاوی، ئیدی ڕووسیا و فینلاند و سوێد و نەرویج بە نۆبە سامەکان ڕاو بنێن: کاتێک وڵاتێکیان لێیان دەدات، وڵاتەکانی دی تۆزێک بۆڵەبۆڵ دەکەن، بەڵام تەنیا تۆزێک، چونکە پاشان نۆرەی ئەوانە پەلاماریان بدەن.

من وا لە دیرۆک و دۆخی ئێستەی کورد تێدەگەم: ئەوان بەردەوام

لەلایەن دەستەڵاتدارانی تورکیا، یان ئێران، یاخود دەستەڵاتداری عێراقەوە- هەندێک جاریش پێکەوە لە یەک کاتدا، زۆر فشاریان بۆ هێندراوە. پێت سەیر نەبێت، کە مۆسیقای کوردیی بەزۆری جۆرێک لە ئاسەواری خەمی بوێرانەی بەخۆ گرتووە، ئەگەر ئەم دەربڕینە پارادۆکسییە گونجاو بێت. شیعریشیان وەکوو مۆسیقایان بەزۆری دەربڕینی بەهێزی هەستە، کە بە دەنگی عیشق، ئازادیی و ئەشکەنجەی ڕاستەقینەی ژیان، بارگاوین.

لەم کۆمەڵە شیعرەدا زۆر نموونەی ئەم جۆرەی شیعری کوردیی، لە باشترین حاڵەتەکانیدا دەبینین. شاعیرەکە ناوی ڕەفیق سابیرە. ئەو ڕێک لەو بەشەی کوردستانی عێراق (کە لە کورتەهەواڵە ڕۆژنامەوانییەکە ناوی هاتووە) ساڵی ١٩٥٠ کە تا ڕاددەیەک ساڵێکی ئاشتی بووە، لە دایک بووە. بەڵام ئیدی ساڵی ١٩٦١ پەلامارە نەریتییەکە دەستی پێ کردۆتەوە، ئەودەم ڕێژیمی عێراق کوردی بۆمباران کرد، ئەوانی ڕاگوێزا و دەربەدەری کردن. لە ئەنجامدا شەڕ (ڕەفیق)ی ناچار کرد زۆر زوو گەورە ببێت و خێرا منداڵیی خۆی بە جێ بهێڵێت. لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکاندا لەپڕ بۆمباران و ڕاوەدوونان و ئازاردان ڕاوەستان. ئەودەم دەرفەت ڕەخسا، کە خۆت بۆ بەهرە تایبەتەکانت تەرخان بکەیت. ڕەفیق هەستی کرد، کە ئەو بۆ شاعیریتی لە دایک بووە و دەستی بە خوێندنی ئەدەبی کوردیی و عەرەبیی کرد، بەتایبەتیش ئەدەبی مودێرن. بە (گۆران، ئەدۆنیس، شاملو...) ئاشنا بوو، کە هەرسێکیان پێشتر بە سوێدی ناسێنراون. وردەوردە ڕووی لە مودێرنیزمی ئەورووپاش کرد: ئێلوارد، لۆرکا و مایاکۆڤسکی.

لەم شیعرە مەزن و بەهێزەی (وەرزی سەهۆڵبەندان)دا، جار لەدوای جار گوێم لە زایەڵەی مایاکۆڤسکی دەبێ، نەک وەکوو لاساییکردنەوە، بەڵکوو وەکوو جۆرێکی دیکەی یاخییەکی ئەوینی تایبەت بەخۆی، یان ئەویندارێکی یاخی. ڕەفیقیش ڕێک وەکوو مایاکۆڤسکی دەسووتێت و پڕ بە گەرووی، ژانی سیاسیی و گەردوونیی خۆی دەردەبڕێت.

شیعرەکە ساڵی ١٩٨٦ لە سۆفیا نووسراوە. ڕەفیق لە ڕۆژنامەیەکی چەپدا کاری کرد و پاشان، کە شەڕ لە کوردستان هەڵگیرسایەوە و بەشداری خەباتی گەریلایی کرد، ناچاربوو ڕابکات. ئەو ساڵانەی لە بولگاریا بوو، توانی فەلسەفە بخوێنێ، دکتۆرانامەیەک بنووسێت و گەشە بە نووسەرایەتیی خۆی بدا. تا ئێستە نۆ دیوان و زۆر باس و لێکۆڵینەوەی بڵاوکردووەتەوە. ساڵی ١٩٨٩ هاتە سوێد و لێرەیش وەکوو سەرنووسەری گۆڤاری (ڕابوون) کار دەکات. بەهەرحاڵ، ئەوەی گرنگە پێگەی ئەو وەکوو شاعیرە ئەزموونگەرە یەکەمەکانە لەنێو ئەو نەوە نوێ و ڕەنگینەی کورد، کە لە ساڵانی حەفتاکان دەرکەوت. ئەو بەردەوام فۆرمی تازە تاقی دەکاتەوە، وەکوو لە شیعری "حەسرەتەکانی ئۆدێسا" ڕەفیق دەزانێ چی لە شاعیرێکی ڕەسەن دەخوازرێت:

مەترسە، خۆت بیربکەوە.

منیش هەر ئەم دوو هاندانە بۆ خوێنەران بە باش دەزانم.

**١-مەبەست لەو ناوچە جوگرافیایەی ئەوپەڕی باکووری سوێد، فینلاند، ڕووسیا و نەرویجە، کە لەوێ میللەتی سام دەژین/ وەرگێڕ**



# خۆراوابوونی نێو کۆڵانەکە

**شاشتین هۆگبووم یوهانسۆن**

ڕەفیق سابیری شاعیر ساڵی ١٩٥٠ لە کوردستانی عێراق لە دایکبووە. وا بۆ یەکەم جار بژاردەیەک لە شیعرەکانی، وەرزی سەهۆڵبەندان، بە خوێنەری سوێدی دەناسێندرێت. لە ڕووی ناوەوەی بەرگی کتێبەکەدا، وەکوو یەکێک لە شاعیرە پێشەنگەکانی ئەزموونگەریی نێو ئەو نەوەیەی، کە ساڵانی حەفتاکان دەرکەوتن، وەسفی دەکرێت. ڕەفیق سابیر لە زانکۆی بەغدا خوێندوویەتی و لەوێیش لە گۆڤارێکی کولتووریدا کاری دەکرد، کە ساڵی ١٩٧٩ دەزگا ئەمنییەکانی عێراق قەدەغەیان کرد. سێ ساڵ و نیو لەنێو چیاکانی کوردستان و لە ئێران ژیاوە. دواتر ماوەیەک لە بولگاریا، لە شاری سۆفیا ژیاوە و لە ساڵی ١٩٨٩یشەوە لە سوێد لە ئوپسالا دەژی. لێرە لە سوێد سەرنووسەری گۆڤاری (ڕابوون)ە.

وەرزی سەهۆڵبەندان دیوانێکە لە سێ بەش پێکهاتووە. شیعرەکان بەگشتیی لەنێوان ساڵانی ١٩٧٤-١٩٩٨ لە بەغدا، سۆفیا و ئوپسالا نووسراون. گۆران مەریوانی شیعرەکانی هەڵبژاردوون و تەرجەمەی کردوون و لەدوا وتەیەکیشدا، کە بەداخەوە بە باشی هەڵەچنیی بۆ نەکراوە، شاعیرەکە دەناسێنێت. توربیۆرن سێفڤێ پێشەکی بۆ کتێبەکە نووسیوە.

ئەم دوو تێکستە، کە لەبارەی شیعرەکانەوەن، نووسەرایەتیی ڕەفیق سابیر دەخەنە نێو پێوەندییەکی سیاسیی و کولتوورییەوە.

شیعرە درێژ و گرنگەکە - وەرزی سەهۆڵبەندان، کە ناوی گوڵبژێرەکەشە، مەبەستی هەم وەرزی جەنگ و هەم وەرزی مەنفایە. لە شیعرەکەدا هەستەکان لەنێوان ڕقبوونەوە لە کۆمەڵکوژیی و ئەو توندوتیژییە بێمانایەی، کە کورد لە ڕاونانیاندا، دووچاریان دەبنەوە، دێن و دەچن. بەڵام جۆرێک بێهیوابوونیش لە مێژوو بەدی دەکرێت.

دیمەنی شیعرەکە بەرفراوانە. مەوداکان گەورەن و ئاسۆ بەرینە. چیا هەڵدەکشێن. داربەڕووی چیا گەشە دەکەن و جۆگەکان بەخوڕ دەڕژێن. ئیدی لە ناکاو چەخماخەی شەڕ، ئاسمان دەقەڵێشێ و ئاسۆ دەلەرزێ. هەموو شتێک بە جووڵانەوەیەکی دینامیکیی بەهێز دەخرێتە گەڕ و کۆچی پێ دەکرێ

(من)ی شاعیر ناچار دەکرێ: ڕوو لە شاخ بکات و ببێت بە ڕێگر، گۆڕهەڵکەن، حوشترخۆرکە، زێوان، یاخی، کەنناس، ئاژاوەگێڕ، تورکی کێوی، کۆڵبەر، پیاوکوژ، گورگ و زۆر شتی دیش ...

لە مێتۆدی شیعری ڕەفیق سابیردا، ئەم جۆرە بژاردانە هەن و زۆر جاریش پشت بە دووبارەکردنەوەیان دەبەستێت:

«لەکوێڕا تێ هەڵچینەوە؟ چەند جاری دی داستانی جوانەمەرگیمان بچڕینەوە...»

ئەم دوو تێکستە، کە لەبارەی شیعرەکانەوەن، نووسەرایەتیی ڕەفیق سابیر دەخەنە نێو پێوەندییەکی سیاسیی و کولتوورییەوە

ئەمە وەکوو ئەوەیە، کە هەرگیز واز لەم پرسیارانە نەهێنێت، کە لەبارەی سەختییەکانی ژیانن. ئەگەرچی هیچ وەڵامێکی ڕوون نییە و لەوانەشە هیچ وەڵامێک هەر نەبێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا مرۆڤ قەت دەست لە شیعرنووسین هەڵناگرێت.

لە هۆنراوەکاندا نەغمەی داستانی میللیی کورد دەنگ دەداتەوە، هەندێکجار زەینت بەلای شیعری عەرەبیی دەبات. هەندێک کۆپلە، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش تێکستەکە پڕ لە ئاواز و نەغمە دەکەن.

ژمارەیەک وشەی سەرەکی لە شیعرەکاندا هەن، کە دەگۆڕێن و لە دۆخی تازەدا بەکاردەهێندرێنەوە و مانای تازەیان پێ دەدرێت. هەور لەوجۆرە وشانەیە. ڕەنگە مەبەست لە وشەکە ڤلادیمیر مایاکۆڤسکی بێت، کە لە شیعرەکەیدا -پەڵەهەورێک لەنێو شەرواڵدا، بە بیرە بوێر و شۆڕشگێڕانەکانییەوە، لە جێیەکی زۆر بڵندە. توربیێرن سیێفڤێ و گۆران مەریوانی، هەردووکیان، باسی پەیوەندیی نێوان مایاکۆڤسکی و ڕەفیق سابیر دەکەن. شەپۆل و برووسکە دوو وشەی دیکەن، کە لە دووبارەکردنەوەیاندا مانای نوێیان پێ دەدرێت، بەڵام لە هەموو وشەکان باوتر، وشەی (نهێنی)یە، کە لە هەموو کۆمەڵە شیعرەکەدا بەکار دەهێنرێتەوە. وشەکە لە عەدەمەوە دێ، لەنێو چەند چاوێکدا دەترووسکێتەوە، بە شێوەیەکی سیحریی دەتگرێ و زۆر جار بە ڕووناکیی پەیوەست دەکرێت. (نهێنی) ئاماژەیە بەوەی، کە شتێکی نادیار هەیە و مرۆڤ بەرەو پێشەوە دەبات. شتێک کە دەبێ ئاگامان لێی بێت و بیپارێزین.

لە کاتی خوێندنەوەی دیوانەکەدا هەندێک جار حەزم دەکرد تێکستێک بخوێنمەوە کۆنکرێتی و ڕوون بێت. وشەکان بۆئەوەی بتوانن بتگرن زیاتر گشتیی بن.

**سێبەری ئێوارە تەواو بەسەر کۆڵانەکەدا کشابوو**
**خەڵکی بە پەلە، هەڵوەدا خۆیان بۆ ماڵەوە دەکوتا و**
**دەرگایان لەسەر خۆیان کڵۆم دەدا**
**تا بە دڵێکی پڕ لە ناسۆرەوە**
**شەوێکی تریش**
**بەدیار کڵۆڵیی خۆیانەوە**
**بەدیار بێدەنگی و**
**تاریکییەوە**
**ڕۆژ بکەنەوە.**

ئەم دەستپێکردنەی شیعری «فاڵچی و منداڵ» مەزندەی شەڕی نێوان عێراق و ئێران دەکات. وەک لە پەراوێزێکدا نووسراوە، بۆنی شەڕ لەنێوان دێڕەکانەوە دێت. شیعرەکە ساڵی ١٩٨٠ لە گوندی تووژەڵە، لە کوردستان، نووسراوە.

کۆمەڵە شیعرەکە بەو شیعرانە کۆتاییان دێت، کە لە سوێد نووسراون. هەناسەی خەمێکی پڕ لە عیشق دەدەن. ڕەفیق سابیر لەبارەی شەوێکەوە دەنووسێت، کە ڕەشماڵێکی چۆڵکراوی ڕەوەندانە، بەڵام عیشقی خۆشەویستەکەی ئاوەدانی کردۆتەوە. ئەمەش ئەو هیوایە دەدا، کە هێزی عیشق، لە هەموو شوێن و دۆخێکدا هەیە و ئەو هێزیە دەتوانێت شیعر و گۆرانیمان وەکوو چەکێکی یاخیبوون و دەربڕی خەون و تەنیاییش پێ بدات.

**سەرچاوە: گۆڤاری ئەدەبیی کارڤان**
**Karavan nr. ١، ٢٠٠٠**
**Kärstin Högbom Johansson**

***توربیێرن سیێفڤێ و گۆران مەریوانی، هەردووکیان، باسی پەیوەندیی نێوان مایاکۆڤسکی و ڕەفیق سابیر دەکەن***

# خەونی ڕۆشنبیری خەباتگێڕ لەبارەی ئازادییەوە



**بوو گوستاڤسۆن**

شاعیر و ڕەخنەگری سویدی بوو، گوستاڤسۆن نووسیویە: وەرزی سەهۆڵبەندان، شیعرەسەردێڕی کۆمەڵەشیعرێک، شیعری شاعیری شاری ئوپسالا ڕەفیق سابیرە، شیعرێکی گەورەی هاوچاخە، دەکرێت بەشیعری وێرانەخاکی ت. س. ئیلیۆت بەراورد بکرێت.

**کتێبێکی نوێ**

ڕەفیق سابیر: وەرزی سەهۆڵبەندان (دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوەی لیندێلوۆڤ) گۆران مەریوانیی کردوویەتە سویدی و ڕێبوار سەعید وێنەی بەرگەکەی کێشاوە.

شاعیری کورد ڕەفیق سابیر، ژیانێکی تا بڵێیت، سەختی تێپەڕاندووە. ساڵی ١٩٥٠ لە کوردستانی عێراق هاتووەتە دونیا و لە ناوەڕاستی هەفتاکانەوە وەک شاعیر ناوی دەرکردووە. سابیر ماوەیەکی زۆر سەرنووسەری گۆڤارێکی کولتووریی بووە، بەڵام کە دەزگاکانی عێراق گۆڤارەکەیان قەدەغە کردووە، سابیر بۆ دەرەوەی وڵات هەڵاتووە.

سابیر بەدرێژایی یەکدوو دەیە وەکوو کۆچبەر، ئاوارەیی چەشتووە. لەساڵی ١٩٨٩ لە سوێد گیرساوەتەوە و نیشتەجێی شاری ئوپسالا بووە. لەپاڵ کارەکانی دیکەی، درێژەی بە بڵاوکردنەوەی هۆنراوە کوردییەکانی داوە. سابیر تا ئێستە نۆ کۆمەڵە هۆنراوەی بڵاوکردووەتەوە، چەند کۆمەڵەوتارێک و دکتۆرانامەیەکی لەبارەی گرنگیی کولتوورەوە بۆ خۆناسینی کورد چاپ کردووە.

ئەمێستا خوێنەری سویدی ئەو هەلەی بۆ ڕەخساوە، کە لە ڕێی بژاردەیەکی هۆنراوەکانییەوە، کە ناوی «وەرزی سەهۆڵبەندان»ی لێ نراوە، ئاشنای جۆری شیعرهۆنینەوەی سابیر ببێت. وەرگێڕی بژاردەکە، لە پاشگوتەیەکی زانیاریبەخشدا، هۆنراوەکانی سابیر لە سێ قۆناخدا خانەبەند دەکات. شیعرهۆنینەوەی ژێر کاریگەریی سۆسیالیزمی سەردەمی لاوێتی، شیعرنووسینی تاراوگە بە شوناسەهەستی گورتێگەڕاوی کوردییەوە و سێیەمیشیان ئەو جۆرە هۆنراوە تایبەتانەیە، کە لە سوێد بەرهەم هێنراون. سابیر تا ئێستە چوار کۆمەڵە هۆنراوەی لە سوێد

بڵاو کردووەتەوە و ئەم بژاردەیەی ئێستەی، بەپێی مەریوانیی وەرگێڕ، وێنەی سۆراخکردن و تێڕامانێک دەنوێنن، کە نیگەرانییەکی ڕاستینە چەمبەری گرتوون.

ڕەفیق سابیری ڕۆشنبیر و تێکۆشەر، یان ئەگەر بە زمانی سارتەر بدوێین سابیری ڕۆشنبیری سەرگەرم، لەگەڵ بارودۆخی سوێد نایەنەوە سەر یەک. سابیر نووسەرێکە، کورد و ڕۆشنبیرێکە لە پێناو کوردستانێکی ئازاددا تێدەکۆشێت و گەلێکی بەرهەمەکانی لە سۆنگەی هۆی ڕوونەوە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن. ڕاستیگەلێک، کە گەواهی ستەم و ڕاوەدوونـان دەدەن، وەک هاوارێکی زامدار بەرهەمەکانی سابیریان تەنیوەتەوە و یەکی لایەنە هونەرییەکانی پێکدەهێنن و لە گۆشەنیگای هونەریی و مرۆییەوە جۆرێک ڕێز دابین دەکەن، بەڵام کاتێک هۆنراوەگەلێک دەنووسێت (منـ) ی تاک نێوەندیان دەگرێت، زمانی ئەو گوتەکیی دیار دەکەوێت، بەتایبەتیی لەو دەمانەدا دەربارەی تاسەکردنی خۆشەویستەکەی، لەبارەی تەنیایی و نامۆیی لە تاراوگەدا دەدوێت. هەر لەو کاتەشدایە وێنەگەلێک، کە بۆ شیعرنووسینێک دەگەڕێنەوە نەریتەکەی عەرەبییە، هەست و زمانی سابیر دەگۆڕن بە شیعر. لەو شیعرانەی لە ئوپسالا نووسراون داگیرسانەوەیەک لە شیعرە ناوەندییەکانی ڕەفیق سابیر دەبینرێ، پێدەچیت ژینگەی نامۆ و دوورەوڵاتیی وێنەبینیی شاعیریان خاوێن کردبێتەوە، کە بۆ نموونە بۆی دەرەخسێنێت پەخشانئامێزانە لە خۆی بپرسێت: ‹بۆ ژیان هێندە کورتە و ڕۆژەکان ئەوەندە درێژن؟»

***بۆ تەمەن ئەوەندە کورت و***
***ڕۆژەکان هێندە درێژن؟***
***بۆچی زەمان تونێلێکی داخراوە،***
***ڕۆح ئاوێنەی شتەکانەو***
***جەستەژێردەستی و کەلاوە؟***

(هۆنراوەی گەڕانەوە)

**شیعرێکی ئەوینداریی**

دەقەنیۆەندییەکەی (وەرزی سەهۆڵبەندان) هەم بە قەوارە کە چل لاپەڕەیە و هەم بە ناوەڕۆک خودی ناوەهۆنراوەکەی کتێبەکەیە و لە تاراوگە و ناوەڕاستی هەشتاکاندا نووسراوە. وەرزی سەهۆڵبەندان هۆنراوەیەکی وەها هاوچاخە کە نەک هەر ڕەنگی باری دەروونی منی هۆنراوەکە دەداتەوە، بەڵکوو ڕەنگی نامۆیی و ستەمکاریی سەردەمی ئێمەش دەداتەوە. ئەم هۆنراوە درێژە لەتاو و گوڕی تێڕامانەکیدا وەکوو هۆنراوەی وێرانەخاکی ئیلیۆت دەچێت. تەنانەت لەبواری تەکنیکی شیعریشییەوە جارێک لەڕێی وێنە مەجازییە زۆرەکانی و جارێکیش لەڕێی شێوازە مووزیکییەکەیەوە بە وێنەگریی پاتەوپات و سەربەندەکانییەوە هەر بە وێرانەخاک دەچێت.

بەلای کەمەوە وەرزی سەهۆڵبەندان سەرنجی خوێنەر بۆیە ڕادەکێشێت چونکە هۆنراوەیەکی ئەویندارییی وەها پێکدەهێنێت، بەرەو ڕووی خۆشەویستێک کراوەتەوە، کە دۆنی کوردستانی خۆشەویستیشە.

***بەسەر مەرگ و تەرمی خۆمدا هەنگاو دەنێم***
***سیبەرەکەم ڕێم پێدەگرێت***
***تاڵەخوێنێک وەکو مار بەدوامدا دەکشێت***
***لەپاڵ بناری ئاگردا***
***پشتم لەگەڵ تاشەبەردێ جووت دەکەم و***
***چاو دەبڕمە ئەو ئاسۆیەی بۆنی تۆی لێ دێت***
***بروسکەیەک درزێک دەخاتە ئاسمان و***
***لەسەرڕا***
***ئاسۆ دەقڵێشێت***
***وەکو منداڵێکی تۆقیو سەرم بەکۆشت دەکەم و***
***روخساری زەردهەڵگەراوم بەشاکەزی باراناویت***
***دادەپۆشم***

(هۆنراوەی وەرزی سەهۆڵبەندان)

لەسەردەمی ناکۆکیی ئێتنیکیدا، هاواری سەرگەردانی سابیر بەدوای ئازادیی و یەکسانیی بۆ نەتەوەی کوردی خۆیدا ڕەوایەتییەکی گەردوونیی بەدەست دەهێنێت. مافی کەمینەکان پرسێکی چارەنووسسازی دونیای پڕ پشێویی ئێمەبووە، لەسەدەی بیست و یەک-یش هەر بەم ئاوایەدەمێنێتەوە.

**وەرگێڕانی لەسویدییەوە: حەسەن نوور**
**ڕۆژنامەی ئوپسالا نیا تیدنینگ ٣ ی نۆڤەمبەری ١٩٩٩**

***ڕەفیق سابیری ڕۆشنبیر و تێکۆشەر، یان ئەگەر بە زمانی سارتەر بدوێین سابیری ڕۆشنبیری سەرگەرم، لەگەڵ بارودۆخی سوێد نایەنەوە سەر یەک***

# هاواری ئینسان و شۆڕشگێڕ

مایا نیتیمێکی

لە دە ساڵی ڕابووردوودا سەکۆی شیعری سویدی، بە توانای شیعری بێگانە دەوڵەمەند بووە. جاران شیعری فارسیی، عەرەبیی و کوردیی لە کتێبە باوەکانی کتێبفرۆشییەکان نەبوون، بەڵام نێونەتەوەییکردن و کۆچی پەنابەران شێوازی تازەی کولتووریی زیاد کردووە. ئەنتۆلۆژیای شیعری عەرەبیی و کوردیی، بە سویدی بڵاوکراونەتەوە. زۆربەیان تا ئاستێک شاعیری نوێن بە سویدی – ژیلا موساعید، ڕاویە مورا و فەرهاد شاکەلی- یەکەمین دیوانیان بە سویدی بڵاو کردووەتەوە. زۆر لەم نووسەرانە بەرهەمی گرنگیان لە وڵاتی خۆیاندا هەیە. یەکێک لەوانە شاعیری کورد ڕەفیق سابیرە. کە هاتە سوید نۆ کۆمەڵە شیعر و باس و لێکۆڵینەوەی بڵاوکردبووەوە. پێشتر شیعرەکانی تەرجەمەی عەرەبیی، فارسیی، ئینگلیزیی و فەرەنسیی کراون.

ئەم بژاردە نوێیەی، وەرزی سەهۆڵبەندان، کە دەرگای چاپ و بڵاوکردنەوەی لێندێلۆف چاپی کردووە و گۆران مەریوانی تەرجەمەی کردووە، یەکەمین کتێبی ڕەفیق سابیرە بە سویدی و لە بژاردەیەکی کۆمەڵەهۆنراوەکانی پێشووی پێک هاتووە.

ڕەفیق لە بەغدای ساڵانی حەفتاکاندا لە گەنجە مودێرنستەکان بوو، کە زەمینەی بۆ گەشەی فۆرمێکی ئازادتر خۆش کرد. ئەو گرووپەی ئەو تێیدا بوو (ڕووانگە) ئیلهامی لە فوتوریستە ڕووسەکان و سوریالییەکانەوە وەردەگرت. دەبوو ئازادکردنی کۆمەڵگە و فۆڕمی ئەدەبیی، شانبەشانی یەکدی بڕۆن، وەکوو فۆتۆریستەکانی سەردەمی شۆڕشگێڕیی ڕووسیا. بەڵام لە ئەنجامەکەیەوە دەزانین چی لێ هات. ڕەفیق ساڵی ١٩٧٨ لە عێراق دەرچوو. لە بولگاریا بەردەوامی بە نووسینی شیعر دا و دکتۆرانامەکەیشی هەر لەوێ نووسی.

(وەرزی سەهۆڵبەندان) لە سێ بەش پێک هاتووە: ئەو شیعرانەی لە عێراق نووسراون، بەشە داستانە گرینگەکەی، وەرزی سەهۆڵبەندان لە ساڵی ١٩٨٦ لە بولگاریا نووسراوە، دوا شیعرەکانی کتێبەکەش لە سوێد نووسراون.

لە شیعرەکانی تەمەنی گەنجیدا، زایەڵەی دەنگێکی بەئاگا و بوێر لە وڵاتێکی پارچەپارچەوە، دەبیسترێ.

**ئەم مرۆڤەیش**
**وەک تۆ ژیانی پێخۆشە**
**بەڵام کاتێک**
**کە دەبینێت نیشتمانی**
**لەسەر شۆستەکان کەوتووە**
**نیشتمانی**
**لەژێر سێبەری چەقۆدا پاڵکەوتووە**
**تا دەتوانێت**
**دەرگای شار بەردباران دەکات.**

بەڵام ئارەزووی بەرگریی گوراوە بۆ نادڵنیایی. لە وەرزی سەهۆڵبەنداندا ئەم گەنجە شۆڕشگێڕە لەپێناو هەلومەرجی مرۆڤ، نیشتمان و عیشقدا، دووچاری ئازار و چەرمەسەری دەبێتەوە. شیعرەکە وزە و هێزێکی هەژێنەری چڕی تێدایە: لێرەدا هاواری مرۆڤێک دەبیستین، کە گەیشتووەتە کۆتایی ڕێگە و بەدوای ڕێگەیەکی دیکەدا دەگەڕێت.

هەردووکیان، هەم وەرگێڕی شیعرەکانی ڕەفیق سابیر، گۆران مەریوانی، هەم – توربێۆرن سێفڤێ- یش، کە پێشەکی کتێبەکەی نووسیوە، هاوتەرییی نێوان ڕەفیق و مایاکۆڤسکی دەبینن و نزیکییان بەڕوونی دیارە. بەڵام دەنگی ڕەفیق دەنگی خۆیەتی و خاوەنی نەوایەکی ئارامتر

**هەردووکیان، هەم وەرگێڕی شیعرەکانی ڕەفیق سابیر، گۆران مەریوانی، هەم - توربیۆرن سێفڤێ- یش، کە پێشەکی کتێبەکەی نووسیوە، هاوتەرییی نێوان ڕەفیق و مایاکۆڤسکی دەبینن و نزیکییان بەڕوونی دیارە. بەڵام دەنگی ڕەفیق دەنگی خۆیەتی**

هەواڵنامەی کتێب

و کامڵترە بە بەراورد لەگەڵ حەماسەتی شاعیرە پێشرەوە گەورەکە.
هەست دەکرێ دەربڕینی ڕەفیق سابیر زیاتر لە هی ئەو شاعیرە کوردانەی، کە من خوێندوومنەتەوە، تایبەتر و ئیندیڤیدوالترن ئەو کەمتر پەنا بۆ دەربڕینی ئەو وتارە نیشتمانپەروەرییە دەبات، کە بۆ خوێنەری خۆراوایی نامۆیە. مێتافۆرەکانی ئەو بنچینەیی و جیهانیین: توخمی ڕووناکیی و تاریکیی، ئەستێرە و هەورەکان.
–گۆران مەریوانی-ی وەرگێڕ دوابەشی شیعرەکان، بە شیعرە سوێدییەکانی ڕەفیق سابیر ناو دەبا. نەک تەنیا لەبەر ئەوەی لە سوێد نووسراون، ئێستە ڕەفیق سابیر بە سادەییەکی کورتبێژییەوە، بە ئارامییەکی خەمناکەوە دەنووسێت، کە زۆر لە هی نووسەرانی وڵاتانی باکووری ئەورووپا دەچێت. جاروبار هەست دەکرێت لە بێهیوایی نزیک دەبێتەوە:

***ئێستا هەر ئێمە لێرە ماوین***
***هەر ئێمەین گۆشەگیر، ژیان لە ڕامان دەگرین***
***سایەمان: چڵێک هەتاوە***
***قیبلەمان: شەپۆل***
***جەستەمان: کتێبی ئێوارە.***

بەڵام لە هەمان کاتدا: لە لاپەڕەی دواتردا شادی، لە کاتێکی چاوەڕواننەکراودا دێتەوە:
کوا شەوەکانم ئەوەندە درەوشاوە بوون؟

***کوا ئاسمانم ساماڵ***
***ڕۆژم هێندە ڕووناک و***
***سووتانم بڵێسەدار بوو.***

**ڕۆژنامەی: Nerikes Allhanda**
**١٠/٣٠ – ١٩٩٩**

# کتێبی نوێ

**ڕەفیق سابیر: وەرزی سەهۆڵبەندان.**

**ڕیکارد هۆلم**

ئەگەر ئەوین بخەینە پاڵ پەیامی ئازادیی، یەکسانیی و برایەتییەوە، ئەوسا خێرا کرۆکی شاعیرێتیی ڕەفیق سابیرمان دیاری کردووە. بە سیمبۆلی زۆرەوە خەون بە دنیایەکی باشترەوە دەبینێ، کە لەسەر بنەمای بەهای مرۆڤایەتی بومیادنراوە. بەڵام واقیعی ئەو، واقیعێکی دیکەیە، تەنگ پێهەڵچنینە، بێمافیی و کۆچکردنە. تاسەی لە کۆڵ ناوە

لە کوردستانی بەشی عێراق لە دایک بووە، ژیانی ڕەفیق سابیر هەر لە سەرەتاوە خەبات بووە. ڕەفیق تاسەیەکی هەمیشەیی لە کۆڵ ناوە و پەنا بۆ شیعر و هەورەکان دەبا کە لە داکشان و هەڵکشانیاندا، دوورەدەستن. بە تاسەی هێزێکی لە مرۆڤ بەدەرەوە لەگەڵ بروسکەدا یەک دەگرێ:

***ئەمشەو بروسکە زین دەکەم***
***هەڵت دەگرم***

هەروەها تاسەی گەڕانەوەی بۆ سەرەتایەکی نوێیشی هەڵگرتووە، بۆیە ئاوڕ لە دەمی منداڵیی دەداتەوە.

سەنگینیی زمان

شیعری ڕەفیق سابیر تەنیا پڕ لە سیمبۆل نییە، بەڵکوو لە ڕووی زمانیشەوە سەنگینە،

هۆنراوەکانی بە لە لێکچواندنی زۆر، میتافۆر و فۆرمی ژنێتیڤ و ڕانەبووردوو پۆشراوە، کە سنوور بۆ خۆی دادەنێ.

***ئەمشەو هاتووم لەپاڵ پشکۆی بەر باراندا***
***بۆ دیدەی پیرۆزەبیت گۆرانیی لاساری دەچڕم***
***لەنێو سەگوەڕ و تاواندا***
***بۆ بەرۆکت چەپکێک ئەستێرە دادەگرم***
***لەسەر تاوێری تینوویێتی ڕوخساری خۆم هەڵدەکۆڵم***
***ڕێ بە ڕێژنە و لافاو دەگرم.***

وەرزی سەهۆڵبەندان یەکەمین دیوانی ڕەفیق سابیرە بە سوێدی (ئەو ساڵی ١٩٨٩ هاتووەتە سوێد) وەکوو کە لە ناوەوەی بەرگی دواوەدا نووسراوە، ئەمە بژاردەیەک شیعری تەرجەمەکراوی ناو پێنج دیوانی گرنگی ئەوە. داواکاریی زۆری هەیە

بەداخەوەی پشکۆی سەرەتا، بە نادڵنیایی زمانەوانی و کەموکوڕیی لە هەڵەچنیدا کز دەبێت. شیعرەکانی ڕەفیق داخوازیی زۆریان لە خوێنەر هەیە، هەر پێ هەڵنانێکی هەڵە خوێنەر هەڵەتە دەکات. دڵێک کە بە ئازادیی دەدوێ پێویست ناکات بە لاڕێدا بڕوات.

بەخت یارە، کە ڕەفیق بەردەوام فوو لە پشکۆکان دەکات، تەنانەت کاتێک ئەو بە خواستی خۆیشی دەچێتە ژێر (تافگەی ئەوین)یشەوە، بەڵام شیعرەکان بە زۆر شێوە، کاریگەر و هەژێنەرن و پێشنیاز دەکەم لە دەستپێکدا هێدی هێدی بخوێنرێنەوە.

**ڕۆژنامەی Östgöta Correspondenten**
**١١/٢٧– ١٩٩٩**

# گەرمای تەزیو

پیتەر ئۆرتمان

لیستی ناوی ئەندامەکانی یەکێتیی نووسەرانی سوێد، ناوی زۆر نووسەری تێدایە کە بە پلەی یەک بە سوێدی نانووسن، (ئەوە ئەگەر هەر بنووسن). مەرجی ئەندامێتی ئەوەیە کە چەند بەرهەمێکی چاپ کردبێت و بەهای هونەرییان هەبێت. بەدڵنیاییەوە ئەو نووسەرانە لەو ئاستەدان، ئەوان ڕوویان لە نوخبەیەکی خوێنەر کردووە لە شوێنێکی دی.

بەم زمانە نوێیە دەست بە نووسین بکەیت و کتێبەکانت چاپ بکرێن، کارێکی هێندە ئاسان نییە. جاروبار دەتوانین لە ڕۆژنامەی – هێلسینگبۆرگ داگبلاد – دا، نووسینی میلوساڤ پۆپادیچ، کە پەناهەندەیەکی سەرابیڤۆیە، بخوێنینەوە. ئەو چەند ڕۆمانێکی بڵاوکردووەتەوە. نموونە بۆ نووسەری وا هەن کە توانیویانە پیایدا تێپەڕ ببن، بەڵام زۆر نیین، مانای چییە کە لە مەنفادا بنووسیت؟

دوو جار پەراوێزخراو بیت. نەتوانیت بە جیدی لەو شوێنەی دەژیت ڕەگ داکوتیت، هەمیشە خەون بەوەوە ببینیت، کە بتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ ئەو شوینە مەحاڵەی کە لێیەوە هاتوویت. تۆ کە لەگەڵ زماندا کار دەکەیت، کەچی کەموزۆر لەنێو زمانێکی بێگانەدا گۆشەگیر دەبیت، چونکە نزیکەی مەحاڵە وەکوو زمانی خۆت بەسەریدا زاڵ ببیت. لە قووڵایی دڵتەوە لە ڕابووردوودا دەژیت و هۆشت لەسەر دواڕۆژێکی نادیاری (ئەوێ – ماڵەوە) چڕ دەکەیتەوە، نادڵنیایی ڕۆحی پەرە دەسێنێت، کە بە ناچاری شوێنەواری لەسەر ئەو بەرهەمە دادەنێت، کە مرۆڤ دەینووسێت.

مەریوانی توانیوەیەتی شاعیری بەتوانا ڕەفیق سابیر دەربخات

دوای ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا بەرهەمی ژمارەیەک نووسەرم خوێندەوە، کە لە سوێد دەژین و کار دەکەن، بەڵام تەواو شاراوەن لە جەماوەری سوێد، ئەوکاتە تێگەیشتم کە دەکرێ ئەمە ئەنجامی بارودۆخی وجوودی بێ. (مەحەمەد ئوزوون)ی کورد، کە توانی جێگەی خۆی لەنێو ژیانی ئەدەبیی سوێددا بکاتەوە، حاڵەتێکی دەگمەنە و لە دەرەوەی ڕێساکەیە. بەڵام پێموایە، کە نووسەرانی مەنفا پێش هەر شتێک ڕوو لە خوێنەری دەستبژێر (نوخبە)ی کولتووریی خۆیان دەکەن. بێگومان بە هۆی تەرجومەکردن دەتوانن بگەنە خوێنەری سوێدی، بەڵام ڕەنگە بەزۆری نەوەی دووەم و سێیەمی ئەو خێزانە بیانییانە بن، کە لە سوێد دەژین. بەزۆری ئەم ئەدەبە زیاتر سەرنجی خوێنەران بەلای خۆیدا ڕادەکێشی.

ڕەفیق سابیر ساڵی ١٩٥٠ لە کوردستانی بەشی عێراق لە دایک بووە. دە ساڵە لە شاری ئۆپسالا دەژی. ڕەفیق شاعیرێکی گرنگی کوردە، نۆ دیوانی بڵاو کردووەتەوە. شیعرەکانی تەرجەمەی ئینگلیزی، فەرەنسیی و عەرەبیی کراون. ئێستە هاوڕێ و هاونیشتیمانییەکی خۆی، بژاردەیەک لە شیعرەکانی بە ناوی (وەرزی سەهۆڵبەندان)، تەرجەمەی سوێدی کردووە. لە پێشەکییەکدا توربیۆرن سیففێ خەسڵەتی یاخییەکی ئەوین، یان ئەویندارێکی یاخی، لە شێوەی مایاکۆڤسکی، دەداتە شاعیرەکە، کە پڕ بە گەرووی شیعر دەڵێ.

بەشی کۆتایی گوڵبژێرە شیعرییەکە، ئەو شیعرانەن، کە لە شاری ئوپسالا نووسراون، چڕوپڕن، شیعری ڕاستەقینەی ئەڤیندارین. پاشخانی شیعرەکانی پێشووی، کە لە بەغدا، تۆژەڵە و سۆفیا، نووسراون، عیشق و خەباتە لەپێناوی ئازادییدا. کاتێک ئەم کتێبە دەخوێنمەوە دەرک بە هێزی ئەم شیعرانە دەکەم، بەڵام بەداخەوە وایە، وەرگێڕ، چەند بە جیدی کارەکەی بکات، ناتوانێت فرەڕەنگیی هۆنراوەکان بخاتە ڕوو کە شایستەیەتی. دەبوو پەخشخانەی لیندیلۆفس دەبوو ئێدیتی بکردایە، کە دەکرا بە کارێکی سادە ئاستی هونەری بەرزتر بکرابووایە بە بەهەر حاڵ گۆران مەریوانی توانیویەتی شاعیری بەتوانا ڕەفیق سابیر دەربخات. هەموو بەراوەردەکان بەلاوە دەنێین، چوار دیرەشیعر دەهێنمەوە:

***تۆ وەک ڕووناکیت***
***ناتوانم ئاوێزانت بم***
***تۆ وەک تاریکییت***
***ناتوانم لێت دەرباز بم.***

سەرچاوە : Peter Ortman, Helsingborgs Dagblad, 27 / 12 / 1999

# ڕەفیق سابیر لە ڕوانینی پرۆفیسۆرێکی نەرویجیدا



* پرۆفیسۆری هونەر گونتار دانبۆلت
وەرگێڕانی لەنەرویجییەوە: مەسعوود زیلان

هونەرمەندی شێوەکاری نەرویجی خاتوو سیسێل ستانگێنێس بە ئیلهاموەرگرتن لە چاپی سوێدی کۆمەڵەهۆنراوەی (وەرزی سەهۆڵبەندان) کە گۆران مەریوانی کردوویەتی بە سوێدی، کۆمەڵێک نیگاری گرافیکی کێشا لە ساڵی ٢٠٠٢ لە شاری بێرگێن لە نەرویج، لە پێشانگەیەکدا بەناوی (ئێکسیل) پیشان درا. ساڵی دواتر هەمان پێشانگە لەگەڵ کۆمەڵێک تابلۆی نوێدا، بە هەمان ناو، لە شاری ئۆرشتاو ڤۆلدا، لە نەرویج، لە فێستیفاڵی ساڵانەی (Nynorska) پیشان درایەوە. لە هەمان کاتدا، ڕەفیق سابیر، کۆمەڵێک هۆنراوەی خۆی بە کوردیی و سوێدیی خوێندەوە.

پرۆفیسۆری مێژووی هونەری ئەورووپا، گونتار دانبۆت، لە فێستیفاڵەکەدا، لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی لەبارەی تابلۆکانی خاتوو سیسێلو پەیوەندییان بە هۆنراوەکانی (ڕەفیق سابیر)ەوە پێشکەش کرد. لێرەدا بەشێکی ئەم باسە بڵاودەکەینەوە.

***تۆ ئەم ئاوازەم مەدە بەگوێدا***
***با لەوە زیاتر لەنێو کۆڵانی غەریبی و شەودا***
***سەرگەردان نەبم!***

ڕەفیق سابیر (هۆنراوەی سەعیدە شێت)

خاتو سیسێل ستانگێنێس پێشانگەیەکی لەبارەی ئێکسیل (مەنفا) و هەموو شێوەکانی ژیانی ئێکسیل ساز دا. پرسیارەکە لەمەدایە، ئایا هونەر، لێرەدا شێوەکاریی ئەبستراکت، بۆ تێگەیاندنی بارودۆخی قووڵی ژیانێکی لەم جۆرە، واتا ژیانی ئێکسیل، بەش دەکات؟ من جارێ ناچارم بڵێم نا. دەشێت هونەری شیعر ئامرازێکی لەبارتر بێت بۆ ئەم کارە، بەلای کەمەوە شیعرەکانی نووسەری کورد ڕەفیق سابیر نموونەی ئەمەن. بەڵام شێوەکارییەکی گرافیکی، بە مۆتیڤی جیا جیا لەسەر لاپەڕەکان. .....؟ زەحمەتە.

ناونیشانی پێشانگەکە دارستانە. دارستان چییە؟ لە چیرۆکەکاندا دارستان ئەو شوێنەیە، کە مرۆڤ تیایدا جێپێیەکانی خۆی ون دەکات، بزر دەبێت، ڕێگە ون دەکات، بەسەر جێگە و ڕێگەی دیکەدا دەکەوێت. لە کۆتایشدا نە دەتوانێت لێی دەربچێت، نە ڕێگە بدۆزێتەوە. ئەمەش هەست و شیکردنەوە (شرۆڤە)ی هونەرمەندی شێوەکاری ئەبستراکتی ئەمریکایی (مارک ڕۆتکۆ)یە. تابلۆی گەورە و تاریک وا لە مرۆڤ دەکات، کە منی تەماشاکەر ئیدی لێرە، لە بەرانبەری تابلۆکە نیم و تابلۆکەیش لەوێ بەدیوارەوە هەڵنەواسراوە، بەڵکوو من لەنێو تابلۆکەدام و لەگەڵ ئەودا بوومەتە یەک. خودی ئەم هەستە لە ناودارترین نموونەی ئەدەبیی لەبارەی دارستان، واتا شوێنی ونبوون، نووسراوە ئەویش (کۆمیدیای خودایی) دانتییە، کە لە ساڵی ١٣٢١دا پێش مردنی لەبارەی دارستان، وەکو شوێنی ونبوون، نووسیویەتی. ئەم بەرهەمە ئەدەبییە گەورە بە ونبوونی دانتی لە دارستان دەست پێ دەکات. دانتی وردە وردە بۆی دەردەکەوێت، کە تاکە ڕێگە ئەو کونە تاریکەیە، کە مرۆڤ تیایدا لە ڕووناکیی دووردەکەوێتەوە و بەرەو ژێر زەوییەکە دەڕوا تا ون دەبێت. لێرەدا پرسیارێک لای هەر مرۆڤێک دروست دەبێت، وەڵامی ڕەفیق سابیر بۆ ئەم پرسیارە لە شیعری گەڕانەوەدا هاتووە:

***لە لێواری خۆکوشتندا گەڕایەوە***
***پرسی: بۆ کەسێک لەو قوڵاییەوە نەهاتەوە؟***

(هۆنراوەی گەڕانەوە)

بەڵێ، لێرەدا مرۆڤ ناگەڕێتەوە، چونکە لەم کونە تاریکەی ژێر زەویدا هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی، کە مرۆڤ دەکەنە کەسایەتییەکی تایبەت بزرکراون، ڕاستترە بڵێین، کە مرۆڤ پێش گەیشتنی بەو کونە تاریکە ئەو تایبەتمەندییانەی لە دەستداوە. چونکە مرۆڤ وەکوو تاکەکەس بێ بەدیلە، واتا کەسایەتییەکی سەربەخۆیە، بەڵام لێرەدا مرۆڤ دەبێتە یەکێک لە کەسانی دی و چەندین پێناسەی لە شێوەی ڕۆژ و ساڵ و شوێنی لەدایکبوونی، کێشی، باڵای، داهات و شتی دی باش

و خراپی دەبێت. چونکە ئەوانی ڕێیان دەکەوێتە ئەم دۆزەخەوە تاکە کەسن، لەنێوانیاندا دیالۆگێکی ڕاستەقینە نییە، دانوساندنێکی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ نییە، تەنیا هەراوهۆریا و قیژەقیژ و جوێن هەیە.
ڕەفیق سابیر بە جەستە و ڕۆح لەمەدا ژیاوە، بینیویەتی، کە چۆن لە چاوی کەسانی دی و دەوروبەریدا بەرە بەرە لە تاکەکەسێکی خاوەن تایبەتمەندییەوە گۆردراوە بە شتێک، بە بەردێک، بە یەکێک وەک هەر کەسێکی دی

***جار بە جارێک***<br>***لەنێو ئاگردا دەمچێنیت***<br>***وەک تاوانبار شوێنپێی تەمەنم هەڵدەگریت***

هۆنراوەی (تەنیایی)

هەروەک لە (دۆزەخ)ی دانتیدا دەبوو هەموو هیوایەک ون ببێت، یان وەک لەم شیعرەی ڕەفیق سابیردا هاتووە:

***بەسەر ئەم شەوەدا مەڕۆ!***<br>***لە گۆلاوی نامۆییدا نقوم دەبێت،***<br>***بەسەر ئەم هەڵمەدا مەڕۆ***<br>***لەنێو کۆڵانی پاییزدا عاسێ دەبێت.***<br>***ئەمە هەڵدێری سووتانە***<br>***نیشتمانی ئەڤین نییە***<br>***کەپری خۆڵە،***<br>***دورگەی هەرەس‌و گومانە،***<br>***لەپێشوازیتدا وەستاوم***<br>***وەکوو تەرمێک چاوەڕوانی تاتەشۆرو کفن بکات،***<br>***گومان هەراسانم دەکات***<br>***تاریکایی هەڵم دەکات،***<br>***روخساری لەتەم گیراوم وەک وڵاتێکی بندەستەو***<br>***بەخۆ نامۆ***<br>***دەبێتە مێرگی ونبوون‌و***<br>***ژان‌و***<br>***چەقۆ.***<br>***لەپێشوازیتدا وەستاوم***<br>***نهێنی داگیرم دەکات***<br>***تاریکایی هەڵم دەکات.***

هۆنراوەی (وەرزی سەهۆڵبەندان)

بەڵام سابیر نەچۆتە نێو کونە تاریکەکە، ون نەبووە، چونکە ئەو سەرکەوتووانە توانیویەتی و

**ڕەخنەگری سوێدی (بوگوستاڤسۆن) ناهەقی نەبووە، کە بەرهەمە سەرەکییەکەی ڕەفیق سابیر (وەرزی سەهۆڵبەندان) لەگەڵ بەرهەمەکەی ئێلیۆتدا بەراورد بکات، چونکە هەردووکیان مردن و زەوی وێرانە پیشان دەدەن**

دەتوانێت بە شیعرەکانی ئازاری خۆی بهێنێتە زمان و بیکات بە ئازاری تۆ، من و ئێمە.
ئێمەیش ناتوانین لەڕووی ئەم خیتابە بێ وەڵام بین، چونکە ئێمە وەکوو تاکەکەس، لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە زیندووکراوینەوە و خۆمان لە شیعرەکانی ئەم نووسەرەدا نە وەکوو یەکێک لە کەسەکان، بەڵکوو وەکوو تۆ دەدۆزینەوە.
سیسیڵ ستانگێنێس، بەم پێشانگەیە، دوو ڕێگە دەخاتە بەردەممان: دارستان، کە ناونیشانی تابلۆکەیە و ئێکسیل، کە ناونیشانی پێشانگەکەیە. ئەم دوو ناونیشانە بەیەکەوە چوارچێوەیەکمان بۆ شیکردنەوە دەدەنێ و لێرەوە ڕێگە لە دارستانەوە بەرەو دۆزەخی دانتی شتێکی ناسروشتی و بێمانا نییە بەو مەرجەی مرۆڤ نووسەرە کلاسیکیەکانی بناسێت.
ڕەفیق سابیر ئەو شاعیرەیە، کە بەڕاستی سەرچاوەی ئیلهامی پێشانگەکەیە. ئەو تابلۆ زەنگۆگرافییەی هونەرمەند وەک ئەتیلیایەک بۆ تابلۆی دارستان بەناوی (وێرانە خاک) بەکاریهێناوە ناونیشانی بەرهەمە سەرەکییەکەی شاعیری ئینگلیزیی - ئەمریکیی (ت.س.ئێلیۆت)ە، کە خەڵاتی نۆبلی وەرگرتووە.
ڕەخنەگری سوێدی (بوگوستاڤسۆن) ناهەقی نەبووە، کە بەرهەمە سەرەکییەکەی ڕەفیق سابیر (وەرزی سەهۆڵبەندان) لەگەڵ بەرهەمەکەی ئێلیۆتدا بەراورد بکات، چونکە هەردووکیان مردن و زەوی وێرانە پیشان دەدەن، کە ئەم جیهانە مۆدێرنەمانە، هەردووکیشیان لە ڕوانگەی نامۆیەکەوە دەیخەنە ڕوو.
بەڵام لێکچوونەکان لێرەدا دواییان دێت. چونکە سابیر بەڕاستی لە ئێکسیلە. کەچی ئێلیۆت وەکوو دانتی لە دۆزەخدا بەڕۆح لە ئێکسیل بوو. هەماهەنگی لەنێوان ئێلیۆت و سابیردا لە تێڕوانین و دەربڕینیشدا تەواوکەری یەکدین.
زەوییەکی چۆڵ و وێران، کە ڕەنگی خۆی دەداتە ئەوانەی تیایدا دەژین. لێرەدا وێنەکەی دەرەوە، لەڕاستیدا وێنەی ناوەوەی مرۆڤە، یان بەپێچەوانەوە. بەهەر وشەیەک تەعبیر دەکرێت با بکرێت، دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤی ئێکسیل تەواوکەری یەکدین و بەیەکەوە بارودۆخی جیهانی مرۆڤی ئێکسیل

پیشان دەدەن.
لە جیهانی ئێکسیلدا لایەنەکانی تێکۆشان و بەرەنگاریی (ئەوەی، کە لە لایەک تێکەڵاوی دروست دەکات و لە لایەکی دیکەوە فۆرم و مانا دەداتە شتەکان) هەست و هێزێکن، کە لە لای مرۆڤی ئێکسیل و جاربەجاریش لە لای هەمووما‌ن دروست دەبن.

***تەنیا نەبووم***
***شەو تەرمێک بوو لەپەنامدا راکشابوو***
***کات تەم‌و مژوو ناڵە بوو.***
***ولات چنگێک گەردی دەم – با-***
***لە باڵای رۆحم ئاڵا بوو.***
***تەنیا نەبووم***
***ئاگرێک بووم‌و نهێنی دەیکردمەوە***
***کتێبێک بووم قوڵیی دەریا دەیخوێندمەوە.***

هۆنراوەی (تەنیا نەبووم)

ڕێکەوت نییە، لەوەتەی ڕەفیق سابیر لە سوێد دەژیت گۆڕان بەسەر شێوەی هۆنینەوەیدا هاتووە. ڕاستە ڕەفیق سابیر بەو زمانەی، کە زمانی دایکێتی، کوردیی، یاخود وەک خۆی دەڵێت ئەو زمانەی، کە هەستی پێ دەکات و پێی دەژی، شیعر دەنووسێت، بەڵام ئەگەر تەماشای شیعرە نوێیەکانی بکەین، دەبینین ئەو خۆی لەو کێشەیە ڕزگارکردووە، کە ئێمەی سکاندیناڤی تا ئێستەش هەمانە: ڕیتۆریکی ترادیسیۆن (نەریت)ی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆمانسییەتی نیشتمانپەروەری. سابیر ئێستە زیاتر مێتافورە گەردوونییەکان (Universel) وەک ڕووناکیی، تاریکیی، خۆر، ئەستێرە، هەور، با،......تاد بەکار دەهێنێ. ئەم شێوازە شیعرییە سابیر ناکاتە شاعیرێکی سوێدی، بەڵام ئەو توانیویەتی وێنەی شاعیر Aeneas خۆی لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا بگونجێنێ. یاخود وەکوو ماریا تاکڤام Marie Takvam دەڵێ: (سابیر وشەو بیرکردنەوەیەکی پەیدا کردووە کە تەنیا بە کوردستانەوە نەبەستراوە)

***سرکە هەورێک لەنێو دڵدا ڕێ ون دەکات***
***پەڵە خوێنی سەر دیوار و***
***گەردی مەنفا و***
***ئێوارە و***
***ولات تەڕ دەکات.***

(وەرزی سەهۆڵبەندا)

(ترۆیا) لە کولتووری ئێمەی ئەوروپاییدا باریکترین سیمبول (ڕەمز)ی خاک و وڵاتی وێرانکراو و ئاسمانی تاریک و سوتێنراوە. وێرانە، کە کوردستانە، ناوی (ترۆیا)کەی ڕەفیق سابیرە. گوڵەکانی وڵاتی سابیر زیندووترین بەڵگەنامەی ئەو وڵاتەن. ڕووەکناس (بوتانیک)ی سوێدی پرۆفیسۆر جۆن فرۆدین لە ساڵی ١٩٥٢دا لە کوردستان چەند جۆرە گوڵێکی دۆزییەوە وەکوو: پرانگۆس، ئەوفراسیا و هەدیساریۆم. لەبەرئەوەی ئەم جۆرە گوڵانە یەکەمین جار لە کوردستان دۆزرانەوە ناوی جۆرەکەیان وشەی کوردیی خرایە پاڵ و بەم شێوەیە ناونران: پرانگۆس کوردیکا، ئەوفراسیا کوردیکا و هەدیساریۆم کوردیکوم. ئەمە وەکوو ڕمێک بوو لە سنگی تورکیا بدرێت. بۆیە تورکیا نە تەنیا ئەو وتار و کتێبانەی یاساخ کردن، کە ناوی ئەو گوڵانەیان تێدا هاتبوو، بەڵکوو کتێبەکانی فرۆدینیش قەدەغە کران. ئەمە دیارترین نموونەی ئەو زوڵم و ستەمەیە، کە بەرانبەری کولتوور و زمانی ئەو نەتەوەیە (کورد) دەکرێت.
خاکی وێرانکراو (بە گوڵە قەدەغە کراوەکانەوە) ئاسمانی سوتێندراو، ناونیشانی ڕاستەوخۆی ئەو وڵاتەیە، کە سابیر بە (نیشتمانم) ناوی دەبات:

***نهێنی ڕۆحی سەرەڕۆم پەرژین دەکات***
***دەمکاتە کێڵگەی ونبوون و ترس و ڕنوو***
***وەک بروسکە تەرم دەکات***
***دەمکاتە خەڵوز و سوتوو***
***نیشتمانم !***
***چۆن خوو بە کاتەوە بگرم؟***
***نیشتمانم!***
***چۆن خوو بە دەنگەوە بگرم؟***
***چۆن خوو بە ڕەنگەوە بگرم؟***
***نیشتمانم!***
***چەند جاری دی لە مەنفادا دەبێ بمرم!***
***نیشتمانم!***

(وەرزی سەهۆڵبەندان)

خاتوو سیسیل ستانگێنیس بەشێکی پێشانگەکەی بۆ گوڵە قەدەغەکراوەکان تەرخان کردووە. لە پاشخانی ئەم بەشەدا مۆڵەت بە گوڵە قەدەغەکراوەکان دراوە، کە ئازادانە و بە ئارەزووی خۆیان بگەڕێن تا ئێمەیش بیانناسین. هەرچەندە پاشخانی ئەم بەشە ڕەنگی خۆڵەمێشییە، کەچی گوڵەکان ڕەنگاوڕەنگن.
ئەمە (هەدیساریۆم کوردیکوم)ێکە، کە وەک ئێمیل زۆلا دەڵێ (لە نێو گەرمیدا دەسورێتەوە). ڕاستە ئێمە باسی گوڵێکی قەدەغەکراو دەکەین، بەڵام خۆشبەختانە لێرە لە

**ئەمە وەکوو ڕمێک بوو لە سنگی تورکیا بدرێت. بۆیە تورکیا نە تەنیا ئەو وتار و کتێبانەی یاساخ کردن، کە ناوی ئەو گوڵانەیان تێدا هاتبوو، بەڵکوو کتێبەکانی فرۆدینیش قەدەغە کران**

ژیانی خۆیدا (لە تابلۆکاندا) ئازاد و زیندووە. گوڵەکە لە تابلۆکەدا لە نزیک ئاسمان چێندراوە و تەواوی ئاسمان بۆتە شوێنی ئەو، ڕەنگە ئەمەیش بۆ ئەوە بێت، کە ئەم گوڵە ئیدی ژێر پێ نەخرێت (هەدیساریۆم کوردیکوم) لە ڕاستیدا شین نییە، بەڵکوو سپییە، بەڵام لە فەنتازیای سیسیل ستانگێنیسدا، ڕەنگی شین بەسەریدا زاڵبووە. ئەو هەوڵی داوە گوڵەکە شین بکاتەوە، تا لە گوڵە کوردییەکە بچێت، کە سیمبولی گەڕانەوەیە بۆ نیشتمان، هەروا بۆ ئەوەی جارێکی دی هێز و توانای خۆی، ئازادیی و سەربەستیی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، ئەمەیە (هەدیساریۆم کوردیکوم)ی سیسیل.

بەڵام ئەمە خەونە، ڕاستی شتێکی دیکەیە. ئیلیادە و ئۆدیسای هۆمیرۆس، کە سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ شاعیر (ڤێرجیل ئانییدن)و جێگەیەکی تایبەتییان لە (کۆمیدیای خودایی) دانتیدا گرتووە، هاندەرێکی گەڕانەوەیە بۆ نیشتمان: گەڕانەوەی ئۆدیسا لە (ترۆیا)وە بۆ (ئیتاکا) ئەم پیاوە بیست ساڵی ڕێک لە پاشایەتی و شاژنە دڵسۆزەکەی (پێنیلۆپی) دابڕابوو. ڕەفیق سابیر، کە لە کوردستانەکەی زۆر دوورتر کەوتۆتەوە، لە هۆنراوەی (حەسرەتەکانی ئۆدیسا) دا بۆچوونی قارەمانەکەی لە ڕێگەی گەڕانەوەدا شیکردۆتەوە

**ژنە ئازیزەکەم پێنیلۆپی**
**لە مێژە شەڕەکە تەواو بووە، کەچی هێشتا**
**ئاشتی نەهاتووە،**
**بیرم نایەت لە کەیەوە بەجێم هێشتوویت**
**من زەمان و ڕێگەی گەڕانەوەم ون کردووە.**
**بە ئاسۆدا دەڕوانم و هیچم لە بیر نییە**
**نە دوا ژوان**
**نە ڕۆژانی سامناکی شەڕ،**
**نە شەکەتی و ونبوونی ناو گەردەلوول و زریان.**
**دوای تۆ چیم ماوە بە غەیبی بسپێرم ؟**
**کوا ڕازێکم لایە بۆ ڕووناکیی بدرکێنم ؟**
**من شوێنهەڵگری جوانی بووم**
**خەون بەرەو ئینسانی بردم،**
**ئەڤین بەرەو تۆ**
**بێ تۆ نە ساتێک لە زەمان شک دەبەم،**
**نە جێگایەک لە شوێ.**
**شتەکانیش بە دوای یەکدا پەرتێن دەبن و**
**درز دەخەنە بوون و ناخەوە.**
**نەمدەزانی ئەڤین هێندە پڕ فیتنە و ژانە و**
**دەشێت ئەم شەڕە بێکۆتایە بنێتەوە**
**نەمدەزانی لێکدابڕان ئەم برینە ئەبەدییە دەخاتە**
**گیان.**
**گەر ببینیت چ خۆڵستانێکە جەستەم !**
**گەر بزانیت چ سارایەکە ڕۆح !**
*******
**پێش سپێدە دەخوازم بگەمەوە لات**
**خەونەکانم وەکو چەپکە گوڵی ژاکاو**
**لە بەر پێیە جوانەکانتدا هەڵڕێژم**
**بەڵام ئاخ ژنە مێژاکەم ! ڕێگەی گەڕانەوە**
**لە ژیان درێژترە.**
**من لە سەفەری بێکۆتاییمدا زەمانم ون کردووە**
**لە دورگەیەکی سارادا بە بۆشاییدا دەڕوانم**
**من جیهانم بردۆتەوە، کەچی خۆمم دۆڕاندووە**
(هۆنراوەی حەسرەتەکانی ئۆدیسا)

ئەمە ڕاستیی بیرکردنەوەی ئۆدیسا و هەر مرۆڤێکی ئێکسیلە، کە لە کات و لەسەر ڕێگەی گەڕانەوە بەرەو وڵات بیری لێ دەکاتەوە و ڕۆژانەیش لە ئێکسیلدا بیری لێ کردۆتەوە، بەڵام لەو کاتەدا، کە دەیەوێت گوڵە شینە قەدەغەکراوەکەی، کە ساڵانێکی زۆر ڕۆژانە و بەبێ ماندووبوون ئاوی دەدا، بچنێت بیری نایەت، کە گوڵەکە لە ڕاستیدا چۆن و چ ڕەنگ بوو. ئەو بۆتە کەسێکی دی.

تەنیا ئۆدیسا نەگۆڕاوە، بەڵکوو وڵاتەکەیشی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. داواکارانێکی زۆر لە دەوروبەری (پێنیلۆپی) پەیدابوون و دەیانەوێت بیخوازن، بەڵام نەک لەبەر شاژن خۆی، بەڵکوو لەبەر خاتری تەخت و تاجەکەی و بۆ ئەوەی خۆیان حوکمڕانی (ئیتاکا) بکەن. ئایا گوڵە شینەکان ئێستەیش ماون، تا ڕەفیق بیانچنێتەوە؟

ڕەفیق سابیر لەنێوان چوون و نەچووندا دێت و دەچێت: بگەڕێتەوە بۆ کوردستان یان نا؟ ئایا توانای هەیە ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە ببێتەوە، کە گوڵە شینەکەی لەمێژە لە لایەن دیکتاتۆرێکی بێ ویژدان و ماشێنێکی جەنگیی بێ هەست و سەردەمێکی بێ ڕەحمەوە، ژێر خاک خراوە؟

**بەیانی بوو وەک ئێستا**
**جوانترین سات بۆ ونبوون:**
**تۆ لە چاوەڕوانیی مندا**

*منیش لە سۆراخی هیچدا*
*بەیانی بوو وەک ئێستا*
*نە هەتاو بوو، نە سێبەر*
*نە بێدەنگی، نە پەیڤین*
*نە کۆتایی دیار بوو، نە سەرەتا*
*بە تەنیا ڕێیەکی واڵا و*
*دوو جەستەی شەکەت*
*دوو تارمایی درەوشاوەی*
*ساتێکی ئەودیو زەمان.*
*لەودیو ساتەکانەوە*
*بولێڵ و چاوەڕوانی بوو*
*وەک کوێر دەستم دەگێڕا*
*چنگم پڕی بۆشایی بوو*
*پڕی گومان و ترس*
*پڕی بێکۆتایی بوو*
*لەوسەری مەودایەکانیش*
*تۆ دیار نەمایت،*
*زەمان وەستا*
*بەیانی بوو وەک ئێستا.*

هۆنراوەی (بەیانی بوو)

**ئەنجام**

هەر بەرهەمێکی هونەریی لەوانە تابلۆ گرافیکییەکانی (سیسیل ستانگێنیس) فرە مانا و لایەنە. ئەگەر ئەو بەرهەمانەی (سیسیل)مان لە پێشانگەیەکی دیکەدا ببینیایە و پێشانگەکە و هەر کام لە بەرهەمەکان، جگە لە بێ ناونیشانی، هیچ ناونیشانێکیان نەبووایە، ئەوسا زۆرتر لە لایەنی ئیستاتیکای بەرهەمەکان و ڕێکخستن و گونجاندنی فۆرم و ڕەنگەکان لەگەڵ یەکتریدا، ورد دەبووینەوە. بەڵام کاتێک ئەو بەرهەمانە لە پێشانگەیەکدا بە ناونیشانی (ئێکسیل) دەبینین، کە ناونیشانەکە ئاماژە بە نووسەری ئاوارەی کورد، ڕەفیق سابیر و شاعیریی ئەو دەکات، زۆر بە سروشتی پێشانگەکە بە چاویلکەی دی، کە جیاوازە لە چاویلکەی فۆرماڵ، دەخوێنینەوە. تایبەتمەندی ئەم پێشانگەیە ئەوەیە، کە ناونیشانی هەر تابلۆیەک، یان ئاماژە بە یەکێک لە شیعرەکانی سابیر دەکات، یاخود ئیلهام لە ئەدەبیاتێکی جیهانی وەردەگرێت، کە لەنێو ڕستەکانی سابیردا ئاهەنگێکیان پێکهێناوە. پێشانگاکە، بەو چوارچێوە و نەخشەیەی، کە سیسیل ستانگێنیس دایڕشتووە، تەماشاوانان بەنێو جیهانی ئێکسیلدا دەبات. ئێمە تەنیا سەرنجمان ڕاناکێشرێت، بەڵکوو دەبینە هاوبەش و پارچەیەکی مرۆڤی ئێکسیل و لەگەڵ هەستی مرۆڤی بێزمان و تەنیایی لە ئێکسیلدا ڕووبەڕوو دەبینەوە.

*تەنیا یەکتری شک دەبەین*
*پاڵمان داوە بە یەکەوە، جەستەمان بۆنی یەکتری و*
*بۆنی باران و تریفەی گرتووە.*
*وەک دوو پشکۆ پاڵمان داوە بە سەرماوە*
*یاری بە ڕووناکی دەکەین،*
*پاڵمان داوە بە خەون و تەنیاییەوە*
*یاری بە ژیان و مەحاڵ دەکەین.*
*هەر تەنیا یەکتری شک دەبەین*
*پێکەوە وڵاتێک لە خەون*
*ماڵێک لە ڕووناکی*
*داهاتوو لە ئەڤین چێ دەکەین*

(هۆنراوەی پێکەوە).

بەراوردکردن و گونجاندنی ئەم خانووە لەگەڵ ڕاستی ئەو وڵاتەدا، کە مرۆڤی ئێکسیل زۆر دەمێکە بە جێیهێشتووە وا ئاسان نییە، بەڵام ڕاگرتنی خەونەکانی مرۆڤی ئێکسیل بە زیندوویی لە ڕاستییەکانی وڵات گرنگترە.
تابلۆکانی ستانگێنێس و شیعرەکانی سابیر لەگەڵ دژواریی ژیانی ئێکسیلدا ڕووبەڕوومان دەکەنەوە. بۆیە ناتوانین بیر لە وەڵامی ئەو پرسیارانە نەکەینەوە، کە ئەوان، لە ڕێی ئەم پێشانگایەوە، ڕووبەڕوومانی دەکەنەوە. ئەمەیش وامان لێ دەکات باشتر تێبگەین، کە خەون، بۆ بەرەنگاربوونەوەی دژواریی دۆخی ئێکسیل، پێویستە. بەڵام ئایا ئەم مەسەلەیە، بۆ ئێمە کە لە وڵاتی خۆماندا دەژین، زۆر جیاوازە؟ کێشە تایبەتییەکانی مرۆڤی ئێکسیل تیشکی ڕووناکیی دەخەنە سەر بارودۆخی مرۆڤی ئاساییش، هەرچەندە ئێمە لە دوو جیهانی نا یەکسانیشدا دەژین.

**سەرنج: بۆ بینینی کار و تابلۆکانی سیسیل ستانگێنێس لە ڕێی گوگڵ بڕوانە: www. sisselstangenes.no یان Sissel Stangenes**

*** گوننار دانبۆلت (ساڵی ١٩٤٠ لە نەرویج دایک بووە) پرۆفیسۆرە لە مێژووی**



**ڕەفیق سابیر، سیسیل ستانگێنێس، گوننار دانبۆلت**

## ڕەفیق سابیر:

# ئەو کەسەی لە زێدی خۆی هەڵکەندرا، ڕەنگە نەتوانێت لە شوێنێکی دی، تەنانەت لە وڵاتی خۆشیدا، بە ئاسانی بڕوێتەوە

لە قەڵادزێ دێتە دونیاوە، لە سلێمانی چاوی دەبێتەوە و نەشونما دەکا، لە بەغدا دەچێتە کۆلێژ و ئاشنای دونیای نووسین و کاری ڕۆژنامەوانی دەبێ، لە بەسرا دەچێتە خزمەتی سەربازیی، لە شاخ دەبێتە پێشمەرگە و لە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نووسەرانی کورد دەبێ، لە بولگارستان دکتۆرنامە لە بواری فەلسەفە بەدەست دەهێنێ، لە جۆرجیا هاسەرگیریی دەکات، لە ئەفغانستان سەرپەرشتی کاری حزبی دەکات، لە سووریا هەم نوێنەرایەتی و هەم کاری میدیایی بۆ حزب دەکات، دواجار لە سوێد دەگیرسێتەوە و ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتە وەردەگرێ.

هەم لە نووسین و هەم لە کاری حزبی زوو خۆی پێگەیاند، بەڵام هیچ کارێکی تاسەر نەکردووە، چونکە هەر شتێکی بڕوا پێ نەبووبێ، یاخود وەڕس بووبێ، زوو لێی کشاوەتەوە، دەیتوانی ببێتە سکرتێری حزب بەڵام نەیکرد، دەیتوانی ببێتە مامۆستای زانکۆ و تا ئاستی پرۆفیسۆری بڕوات، بەڵام نەیکرد، دەیتوانی زۆر شت بکات، بەڵام لەسەر هیچ شتێک زۆر نەوەستاوە، تەنانەت پەرلەمانتارییەکەی لەنیوەی ڕێگە واز لێ هێنا، لەگەڵ هەموو ئەمانەش کەسێکی خۆشەویست بووە، بە تایبەت لای ژن! لە هەر شوێنەک بووبێ بژاردەی ژنانی ئەو جێیەی لە نزیکەوە ناسیوە.

ڕەفیق سابیر، لە کتێبی (لە ستایشی ژیاندا – ئەزموونی نووسەرێک) زۆر ڕاستگۆیانە و بێ خاترگرتنی کەس، باسی لە هەموو بیرەوەرییەکانی خۆی کردووە!

**ئامادەکردنی: محەمەد گۆران**

کتێبخانەی هەولێر

## ویستبوویان ناوم بنێن ڕەمەزان

من، وەکو دایکم دەیوت، دە ڕۆژ پێش جەژنی ڕەمەزانی ١٣٦٩ی کۆچی، کە بەو حیسابە دەکاتە پێنجی تەمووزی ١٩٥٠ لە قەڵادزێ هاتوومە دنیا بەڵام لە تۆماری ڕەسمیدا نووسراوە کە ١- ٧- ١٩٥٠ لەدایکبووم. لەبەر ئەوەی لەمانگی ڕەمەزاندا هاتبوومە دنیا، ویستبوویان ناوم بنێن (ڕەمەزان) تا ماوم لەو بارەیەشەوە سوپاسگوزاری دایکمم کە نەیهێشتبوو ئەو ناوەم لێ بنێن. بەمنداڵی تووشی سورێژە بووبووم کە چەند خوشک و برام بەو نەخۆشییە جوانەمەرگ بووبوون، بەڵام من ئەو شانسەم هەبوو کە بۆ ژیان لەدایکبووم، نەک بۆ جوانەمەرگ بوون.

باوکم سابیر قادر تەها خەلیل، لە کۆیە لەدایک بووبوو. لەتۆماری ڕەسمیدا ساڵی ١٩٠٠ بەساڵی لەدایکبوونی داندرابوو. هێشتا منداڵ بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە. نەنکم لەباوکمەوە ناوی حەبیبە بوو. من نەمدیتبوو، بەڵام باوکم زۆرجار وەکو ژنێکی جوان، گورجوگۆڵ و ورەبەرز، باسی دەکرد. دوای مردنی باپیرم بەدیار چوار منداڵەکەیەوە، محەمەد، عەبدوڵا، زبێدە و سابیر، دانیشتبوو.

باوکم کە بە سابیری چایچی ناسرابوو، لەگەڵ دایک و خوشک و دوو براکەی لە قەڵادزێ جێگیر بووبوون. لەوێ کاری جۆراوجۆری کردبوو، کاروانچێتی، کەوشدرویی، دوکانداری و چایچێتی. باوکم دوو ژنی هێنابوو، ژنی یەکەمی ناوی فاتم بوو، خوشکی حاجی ئەحمەد حەمەدەمین کۆیی بوو، کە کەسایەتییەکی بەڕێز و ناسراوی قەڵادزێ بوو. لەو ژنەی پێنج منداڵیان بووبوو، کچێک و چوار کوڕ. دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، پەتا و نەخۆشیی جۆراوجۆری وەکو سورێژە، خروێلکە، تاعون و نەخۆشیی تر، لەکوردستان بڵاوبووبوونەوە. تا ساڵی ١٩٣٩ نەخۆشخانە لەقەڵادزێ نەبوو، بۆیە خەڵکێکی زۆر، لەوانە چوار منداڵی باوکم، بەو جۆرە نەخۆشیانە جوانەمەرگ بووبوون. لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵی پێنجەمیان، دایە فاتم و منداڵەکەیان پێکەوە گیانیان سپاردبوو. باوکم لەناو ئەو منداڵانەیدا زۆرجار خەمبارانە باسی کچەکەی دەکرد، کە نۆبەرەیان بوو، ناوی عیسمەت بوو. خزمان دەیانوت باوکم لە سەرقەبران، لەکاتی ناشتنی هاوژینیدا گریابوو. ئەو ڕۆژانە ئەو کارە ئاسایی نەبوو. حاجی تاهیر عەبدوڵا کۆیی، کە مامی فاتمە خان و گەورەی بنەماڵەکەیان بوو، پێی وتبوو:

سابیر مەگری، ئەوە ئامینی خوشکەزام دا بە تۆ! بەو جۆرە دایکم، بەبێ ئەوەی پرسی پێبکەن، درا بەپیاوێک کە چواردە ساڵ لەخۆی گەورەتر بوو! دایکم کچی بازرگانێکی دەوڵەمەندی قەڵادزێ، حاجی مەحموود عوسمان بوو.

## کوڕم وا مەڵێ گوناهت دەگاتێ!

بەیانییەکی هاوین دوای نانخواردن، بۆ فولکەی سەرەتای شەقامی سەرەکیی قەڵادزێ چووم، کە لە پشت ماڵی ئێمە و لەبەردەم دایرەی پۆست و ماڵی باپیرم بوو. زۆر ڕۆژ لەوێ لەگەڵ جەلالی خاڵە حەسەنم و هاوڕێکانم یاریم دەکرد. لەدوورەوە هاوار و دەنگەدەنگ هات. لە سیلەی کۆڵانەکەمان دەرچووم و فولکەکە دەرکەوت، خەڵکێکی زۆرم بینی لەوێ کۆ بووبوونەوە. بەشێکیان بەدەم چەپڵە ڕێزانەوە گۆرانییان دەوت، چەندان کەسی تر هاواریان دەکرد. ئەوە یەکەمجاربوو ڕووداوی لەو جۆرە ببینم. لەتەواوی ئەو بەزم و هاتوهاوارەی ئەو ناوەی پڕ کردبوو، ئەوەندە تێگەیشتم کە مەلیک کوژراوە و شۆڕش کراوە. بە ڕاکردن گەڕامەوە ماڵ، بۆ ئەوەی ئەو هەواڵە بەدایکم بگەیەنم. چونکە دایکم هەندێکجار کە ناوی مەلیک دەهات، بەهەیبەتەوە باسی دەکرد و دەیوت نەوەی پێغەمبەرە. لەدەرگاوە هاوارم کرد: دایە مەلیک کوژراوە!

دایکم کە لەو باوەڕەدا بوو، کەس ناتوانێت ئازار بە نەوەی پێغەمبەر بگەیەنێت، وتی: کوڕم وا مەڵێ گوناهت دەگاتێ!

وتم: دایە گوناهی چی؟ خەڵک لای ماڵی باپیرم کۆ بوونەتەوە دەڵێن مەلیک کوژراوە، لە خۆشیان گۆرانی دەڵێن و شایی دەکەن. دوای ئەوە بە ڕاکردن گەڕامەوە بۆ لای فولکەکە. ئەو ڕۆژە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بوو، مانگێک بوو پشووی هاوینەی قوتابخانە دەستی پێ کردبوو، من بۆ

**لە پێشمەرگەیەکی شەکەت و دڵشکاوی نیشتەجێی نیۆزەنگەوە، بوومەوە خوێندکاری ئەکادیمیای زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە سۆفیا**

پۆلی سێیەمی سەرەتایی دەرچووبووم.

دوای شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ کێشەی نێوان ئاغا و جوتیار توندتر بوو. زۆرینەی جوتیارانی عێراق و کوردستان ڕوویان لە حزبی شیوعی کرد، کە دەیویست زەویی سەرۆک هۆز و موڵکدارە گەورەکانی عێراق بەسەر جوتیاراندا دابەش بکرێن و بەشێکی کەمی بۆ خاوەن زەوییەکان بمێنێتەوە.

لە کۆتایی ئەیلولی ١٩٥٨ قانوونی چارەسەری کشتوکاڵ لە عێراق (قانوونی ژمارە ٣٠) دەرچوو. دروشمی زەوی موڵکی ئەو کەسەیە کە دەیچێنێت، کرا بە باسێکی سیاسیی گرینگ، لەهەموو شوێنێک دەبیسترا. ئەو قانوونە بەو ئامانجە دەرکرا کە کێشەی لەمێژینەی نێوان ئاغا و جوتیار چارەسەر بکات، ئاستێکی ماقوولی دادپەروەری لە بواری کۆمەلایەتی، ئابووری و موڵکایەتی زەوی بچەسپێنێت بەلام قانوونەکە لەگەڵ گرینگییەکەیدا، زۆر بەپەلە و بەفشاری حزبی شیوعی دەرچوو. چارەسەرکردنی کێشەی زەوی لەعێراقدا لەوە ئاڵۆزتر بوو کە هێندە بەپەلە، بێ لێکۆڵینەوەی ورد و هەبوونی دەسەڵاتێکی بەهێز چارەسەر بکرێت. بۆیە قانوونەکە کێشەی نوێی بۆ عێراق هێنا، ناکۆکیی نێوان هێزە سیاسییەکانی زیاتر کرد و تەنانەت ئاگری شەڕی لە کوردستان هەڵگیرساند.

لەگەڵ هەڵگیرساندنی شەڕ لە کوردستان، سەرەتای قۆناغێکی خوێناوی دەستیپێکرد. دۆخی سیاسی، کۆمەلایەتی، ڕۆشنبیری و ژیان و گوزەرانی خەڵک، گۆڕانیان بەسەردا هات. کوشتن، هێرشی سەربازی، بۆردومان و توندوتیژی پەرەیان گرت و بوون بە بەشێک لەژیانی ڕۆژانەی خەڵک. لەدوای کودێتای خوێناویی بەعس لە ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ کوشتار و پەلاماری سەربازی بۆ سەر کوردستان زیاتر بوون.

### لە کەرکووک ڕێگەی من و شاعیرە لاوەکانیان نەدا بەشدار بین

خوێندنەوەی کتێب، بە تایبەت شیعر و ئەدەبیات، دنیایەکی نوێی پڕ لە فانتازیا، خەون، چاوەڕوانی هیوایان پێشان دەدام. ئارامی و سێبووریان بۆ دەهێنام. تاوێک لە ترس، دڵەڕاوکێ و کەشوهەوای شەڕ، ترسی فڕۆکەی جەنگی، دووریان دەخستمەوە. شیعر و ئەدەبیات، ئەو شتە بایەخدارانە بوون کە بیر و خەیاڵیان دەجوڵاندم، جوانیی ژیان، ئاسوودەیی و هیوام تێدا دەبینین.

خوێندنەوەی زۆر و بەردەوام، بەلای زۆرەوە، مرۆڤ بەرەو نووسین دەبات. نووسین بەبێ خوێندنەوە، کورتخایەن و ساکار دەبێت. دابڕان لە خوێندنەوە، زوو یان درەنگ، دابڕانە لە نووسین. ئەو نووسەرانەی بابەتی کاڵوکرچ دەنووسن، یان توانای نووسینیان نامێنێت، پێشتر وازیان لەخوێندنەوە هێناوە، یان زۆر کەم دەخوێننەوە. خۆسێ ساراماگۆ ١٩٢٢ – ٢٠١٠ دەڵێت: یەکەم توانایەک کە مرۆڤ پێش مردن لەدەستی دەدات، توانای خوێندنەوەیە. ئەو قسەیەی ساراماگۆ بۆ نووسەر دووجار دروستە. خوێندنەوەی زۆر و ژیان لەگەڵ کتێبدا، هەست و خەیاڵیان جوڵاندم، هزر و بۆچوونی نوێیان لا دروستکردم، دواتر خوێندنەوە بەبێ بیرکردنەوە، ڕامان و گومانی بردم. ئەو توانایەی پێدام هەست، بیر و بۆچوونی خۆم، بە جۆرێکی گونجاو دەرببڕم، بوێرم بەرەو بیرکردنەوە، پرسین و نووسینی «شیعر» و بابەتی جۆراوجۆر هەنگاو بنێم. خوێندنەوە و نووسین سەرەتای ڕێگایەکی نوێیان پێشان دام، کە دواتر بوونە شارێگای ژیانم.

لە هاوینی ١٩٦٩ تا بەهاری ١٩٧٠ چەند مانگ لە سلێمانی ژیام، لەوێ دەرفەتی باشم بۆ خوێندنەوە هەبوو. کتێبخانەی گشتی سلێمانی شوێنی بەردڵانی من بوو. هەستم دەکرد بەسەر گەنجینەیەکی گەورەی ئەدەبی و ڕووناکبیریدا کەوتووم، دەبێ لە کەمترین کاتدا، زۆرترین سوود لەو گەنجینەیە ببینم. تا زیندانی کرام، هەفتانە چەند ڕۆژ دەچوومە کتێبخانەی گشتی. لەوێ چەندان ژمارەی گۆڤاری گەلاوێژ، شەفەق، هیوا، کۆمەڵەچیرۆکی عەلادین سەجادی، برایم ئەحمەد، شاکر فەتاح، مستەفا ساڵح کەریم، حوسێن عارف و .... خوێندنەوە.

پێش ئەوەی لە زانکۆ بخوێنم، وێڕای شیعر، هەوڵی نووسینی کورتەچیرۆک و وتاری ئەدەبیم دەدا، بەلام نەمدەویست پێشانی کەسی بدەم. بڕیارمدا

**چەند ئەندامی سەرکردایەتیی حزبی شیوعی، بە بەهانەی ئەوەی سەلام ئێزیدییە و لیئا شیعەیە، دژی ئەوە بوون ئەم دووانە زەواج بکەن!**

کورتە وتارێک کە لەبارەی مێژوونووس مامۆستا ئەمین زەکی و بەرهەمەکانی نووسیبووم، بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری بنێرم. دوای چەندان ڕۆژ چاوەڕوانی، لە ١١ی تەمووزی ١٩٧٠ نووسینەکە، لە ژمارە ٢٧ی ڕۆژنامەی هاوکاری، بڵاوکرایەوە. کاتێک ناو و نووسینی خۆم لە ڕۆژنامەدا بینی، زۆر دڵخۆش بووم. هەفتانە تەنیا حەوت هەشت دانە ڕۆژنامەی هاوکاری بۆ قەڵادزێ دەهات، کەچی کاتێک تەماشای خەڵکم دەکرد، لاموابوو زۆربەیان وتارەکەی منیان بینیوە، یان هەواڵی بڵاوبوونەوەی نووسینەکەیان بیستووە! لەو ژمارەیەی هاوکاری، هەر وتارەکەی خۆم چەندان جار خوێندەوە و نووسینەکانی ترم فەرامۆش کرد.

هەندێک لەو هۆنراوانەی ئەو سەردەمە، بە نموونەی باشی شیعری نوێی ئەو دەمە داندران، لەوانە هۆنراوەی «شەوێک لەسەر گۆڕی وەلی دێوانە». ساڵی ١٩٧١ هۆنراوەکەم بۆ لیژنەی فێستیڤاڵی یەکەمی شیعری کوردی نارد، کە لە کەرکووک ڕێکخرا، بەڵام ڕێگەی من و زۆربەی شاعیرە لاوەکانیان نەدا بەشداربن.

هەروا هۆنراوەی «چەند بیرەوەرییەک لە ژوورێکی بێ دیواردا» نموونەی دیاری شیعری نوێی نیوەی یەکەمی حەفتاکانە. لەو هۆنراوەیەدا شیعر و گێڕانەوەی پەخشانئامێز تێکەڵ کراون. تێکستەکە بە تەکنیکی شیعری نوێ دەستپێدەکات، دواتر گێڕانەوەی پەخشانئامێز دێت. ئەو حاڵەتە دووجار لە هۆنراوەکەدا دووبارە بۆتەوە. نووسەر و ڕەخنەگری ئەدەبی، عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی و شاعیر سەباح ڕەنجدەر، ئەو هۆنراوەیە بە دەقی کراوە ناو دەبەن. لایان وایە، هۆنراوەکە یەکەم دەقی کراوەیە، لە شیعری نوێی کوردیدا.

هۆنراوەکەم بۆ گۆڤاری یەکێتیی نووسەران (نووسەری کورد) نارد، بە مەبەست نووسیبووم: هۆنراوەی ڕەفیق سابیر. چونکە دڵنیا نەبووم ئەوان بە شیعری دادەنێن. دوای ماوەیەک مامۆستا عەبدولڕەزاق بیمار، کە ئەو کاتە لە گۆڤارەکە کاری دەکرد، وتی: دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە نووسینەکەیان پێ باشە، بەڵام بە شیعری نازانن. بۆیە بەو مەرجە بڵاوی دەکەنەوە کە لە جیاتی (هۆنراوەی ڕەفیق سابیر) تەنیا ناوەکەت، بە بێ وشەی (هۆنراوە) بنووسرێت. هۆنراوەکە، بەو جۆرەی ئەوان ویستیان، لە ژمارە ٨ی ١٩٧٣ی گۆڤارەکەدا بڵاوکرایەوە.




### پێوەندیی من و ئەحلام مەنسوور، ئەوینداریی تێکەوت

پاییزی ١٩٧٠ دوای دوو ساڵ چاوەڕوانی، لە بەشی کوردیی کۆلێجی ئادابی زانکۆی بەغدا دەستم بە خوێندن کرد. لە زانکۆ بە جۆرێکی مەنهەجی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد و زمانی فارسی و کۆمەڵێک بابەتی ترم خوێند. وانەکان گران نەبوون، بۆیە کاتی باشم بۆ خوێندنەوە هەبوو، کە زیاتر کتێب و گۆڤاری نوێی کوردی و عەرەبیم دەخوێندەوە.

لە بەشی کوردی ئەحلام مەنسوورم ناسی، کە بە ڕێکەوت هەردووکمان لە پۆلی یەکەمی ئا (ئەلف) بووین. ئەحلام لە خانەقین بە عەرەبی خوێندبووی، لە ماڵەوەش، وەکو هەندێک بنەماڵەی ئەو سەردەمەی خانەقین، بە تورکمانی و شێوەزاری لوڕی قسەیان دەکرد، بۆیە ئەوەندە بە شێوەزاری کوردیی ناوەڕاست ئاشنا نەبوو، بەڵام زمانی عەرەبی باش دەزانی.

زۆری نەبرد لەگەڵ ئەحلام بووینە هاوڕێ. بۆی گێڕامەوە کە پێش ئەوەی بێتە زانکۆ، لە خانەقین کوڕێکی بە ناوی (ی ج) خۆشویستووە، کە لە زانکۆی بەغدا بەشی قانوونی خوێندبوو، پێکەوە بڕیاریان دابوو زەماوەند بکەن، بەڵام ئەو کوڕە کە دواتر بوو بە بەعسییەکی ناپاک و لە هەولێر پۆستێکی گرینگی پێدرا، ناپاکییەکی گەورەی لەگەڵ کردبوو. ئەحلام لەو بارەیەوە دایکیشی بە گوناهبار دەزانی. ئەو ڕووداوە برینێکی قووڵی خستبووە دڵ و هەناوی ئەحلام، کە ساڵانێکی زۆر پێیەوە تلایەوە، ئەو کەسەی سەرچاوەی خۆشەویستی و بەختەوەریتە، دەشێت هەمان کەس ببێتە مایەی ئازار و بەدبەختیت.

ڕۆژێک ئەحلام پێی وتم کوڕێکی خانەقینی، کە ئەفسەر بوو، ناوی جەواد بوو، دەیەوێت بیهێنێت. چەندجار لە بەغدا یەکتریان بینی، بەڵام بێ ئەنجام بوو. هاوڕێیەتیی ئەحلام و من بەردەوام بوو، زۆر ڕۆژ پێکەوە لە کتێبخانەی کۆلێجی پەروەردە یان لە سەنتەری ڕۆشنبیریی بەریتانی کە نزیک زانکۆ بوو، خەریکی سەعیکردن، خوێندنەوە و قسەکردن بووین. ئەگەر کتێبێکی ئەدەبی یان هزریم بەدڵ بووایە، هانم دەدا بیخوێنێتەوە.

> **کۆتایی هاوینی ١٩٧٢ پێوەندیی من و ئەحلام، لە ڕەوشی بەردەوامبوونیدا، ئەوینداریی تێکەوت**

سەرەتا هیچ پێوەندییەکی سۆزداری لە نێوانماندا نەبوو، کەچی قوتابیانی بەشی کوردی و هاوڕێیانمان، ئێمەیان بە دوو دڵدار دەزانی. من ئەوەم بەدڵ نەبوو، چونکە بۆ ناوبانگی ئەحلام خراپ بوو، بۆ منیش باش نەبوو، چونکە لەبەر ئەحلام نەمدەتوانی یارێک پەیدا بکەم کە زۆر پێویستم بوو. هەوڵمدا پێوەندییەکەمان سنووردار بکەم. دوای تەواوبوونی دەرسەکان، بە بیانووی جۆرارجۆر خۆم لێ دەدزییەوە، بەڵام سوودی نەبوو. لەوە دەچوو هەردووکمان پێویستمان بەیەکتر بووبێت. هاوڕێیەتی و تەنانەت خۆشەویستییش بە شێوەیەک لە شێوەکان، جۆرە پێداویستییەکە.

کۆتایی هاوینی ١٩٧٢ پێوەندیی من و ئەحلام، لە ڕەوشی بەردەوامبوونیدا، ئەوینداریی تێکەوت، تا بەهاری ١٩٧٤ بەردەوام بوو. ئەو گۆڕانکارییە زیانی بە هاوڕێیەتیمان گەیاند. ئێمە پلانی پێکەوەژیانمان نەبوو، کەچی هەر یەکەمان چاوەڕوانیی زۆری لە ئەویتر هەبوو. هەندێک جار لەسەر شتی بچووک و بێبایەخ لە یەکتر زیز دەبووین، بەڵام خێرا ئاشت دەبووینەوە.

ئەحلام لە بەغدا منی وەکو هاوڕێیەک بە دایک و باوکی ناساند. من حەزم دەکرد ئەو پێوەندییە بپارێزم، بەڵام دەمزانی ڕۆژێک هەر دوایی دێت، چونکە ئەحلام لە دڵەڕاوکێدا دەژیا، نەیدەزانی بە دروستی چی دەوێت. هەندێک جار بڕیارێکی دەدا و زوو لێی پەشیمان دەبۆوە. ئەو ناپاکییەی لە یەکەم ئەزموونی ئەویندارى لەگەڵی کرابوو، ئازاری دەدا، دەیەویست شوو بە کەسێک بکات، کە لە باری ئابووری و کارەوە لە (ی ج) کەمتر نەبێت. تەنانەت لە ڕووی تەمەنیشەوە، وەکو ئەو شەش حەوت ساڵ لە خۆی گەورەتر بێت.

لە ئەیلوولی ١٩٧٨ عێراقم بەجێ هێشت، دوای سی ساڵ، پایزی ٢٠٠٨ لە سەنتەری کوردۆلۆجی لە سلێمانی، ئەحلامم بینییەوە، کە بۆ سەردانم هاتبوو. بە بینینی هەم دڵخۆش و هەم خەمبار بووم. خەمبارییەکەم لەبەر ئەوە بوو کە لە ڕووی ڕەوانییەوە هیلاک بوو، لە ڕووی جەستەییشەوە هێندە گۆڕابوو کە لانی کەم پازدە ساڵ لە تەمەنی خۆی گەورەتر دیاربوو. یەکسەر هۆنراوەی (ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان پێک بگەینەوە)م بیر کەوتەوە، کە ساڵی ١٩٩٥ بە یادی ئەو لە سوێد نووسیم.

ئەحلام نزیکەی دوو سەعات لە ژوورەکەم دانیشت. بە درێژایی ئەو ماوەیە قسەی کرد و من گوێم گرت. وەکو ئەوەی بیەوێت لەو سەردانەیدا، بەسەرهاتی زیاتر لە سی ساڵەی خۆی بۆ من بگێڕێتەوە. لەو ماوە کورتەدا ١٠ جگەرە زیاتری کێشا. ئەحلام بێتاقەت و دڵپڕ دیاربوو، بەزمانێکی زبر و پیاوانە دەدوا. بە ئاشکرا دیاربوو کەسێکی بەختەوەر نییە، بێزار و پەریشانە. ڕەنگە لەژێر قوورسایی ڕابردوو، فشاری تەنیایی و دۆخی دارماوی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی کوردستاندا، شەکەت و بێ هیوا بووبێت. ئەحلام خواحافیزی کرد و دوای ئەوە نەمبینییەوە.

## زۆر کەس منیان بە یەکێک لە ڕوانگەییەکان دەزانی

ئێمە، نەوەی حەفتاکان، لە سایەی شەڕدا گەورە بووبووین. زۆربەمان دنیابینی و تێڕوانینی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیمان، هەروا سەرچاوەی ڕۆشنبیری، خەون و ئامانجمان، لە شاعیر و نووسەرانی پێش خۆمان جیاواز بوون. بۆیە ئاسایی بوو، بە شێوازێکی جیاواز لە نەوەی پێشوو بیر بکەینەوە. بە دوای خەونی نوێ و ستایلی نوێی شیعری و ئەدەبی جیاوازدا بگەڕێین و هەوڵ بدەین بە شێوازی تایبەتی خۆمان بنووسین. لەو کەشوهەوا ڕووناکبیرییە باوەی ئەو سەردەمە یاخی ببین. ئەو یاخیبوونە، بۆ هەندێکمان، بەشێک بوو لە یاخیبوونە فراوانەکە، واتا یاخیبوونی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری.

من بەشێک نەبووم لە گروپی ڕوانگە، بەڵام کار و ئامانجی ئەدەبیی ئەوانم بە باش دەزانی. دوای ئەو هۆنراوەیەی لە بارەگای یەکێتیی نووسەران خوێندمەوە، پێوەندیم لەگەڵیان زیاتر بوو. لەگەڵ ئەوان بەشداریی چەند چالاکیی ئەدەبیم کرد، بۆیە زۆر کەس منیان بە یەکێک لە ڕوانگەییەکان دەزانی.

لە هاوینی ١٩٧٢ لە ڕۆژنامەی بیری نوێ، کە حزبی شیوعیی عێراق بڵاوی دەکردەوە، دەستم بەکار کردبوو. ئەو کاتە هیچ پێوەندییەکم بە یەکێتیی گشتیی قوتابیان و حزبی شیوعییەوە نەمابوو، بەڵام وەکو کەسێکی چەپ و مارکسی بۆ دنیام دەڕوانی. ڕێکخستنی حزبی شیوعی لە بەغدا، نامەیان بۆ لیژنەی قەزای حزب لە قەڵادزێ ناردبوو، تا زانیارییان لەبارەی من بۆ بنێرن. دواتر هاوڕێم جەلال دەباغ پێی وتم، لیژنەکە ڕاپۆرتێکی باشیان لەبارەی من و بنەماڵەکەمان نووسیبوو، بەڵام تاکە سەرنجیان، ئەوە بوو کە من لە جەماعەتی ڕوانگەم.

## هەشت مانگ کرام بە سەرباز

هاوینی ١٩٧٤ خوێندنی زانکۆم تەواوکرد، هەشت مانگ کرام بە سەرباز. دوای ئەوە بە لێبووردنی گشتی، لەگەڵ ئەوانەی وەکو من لە سەربازی دواکەوتبوون، یان هەڵاتبوون، ئیزن درام. جاران دەرچووی زانکۆکان وەکو ئەفسەر، شەش مانگ یان ساڵێک، لە سوپادا کاریان دەکرد، بەڵام لە حەفتاکانەوە دەرچووانی زانکۆش بە سەربازی ئاسایی دادەنران، بەڵام لە بەشی کارگێڕی، تەجنید و ژمێریاری کاریان پێ دەکردن.

سەرەتا ڕەوانەی سەربازگەی درهەمیە کرام، کە لە خوار شاری بەسرایە. لەوێ لەگەڵ زیاتر لە سەد دەرچووی زانکۆ، نزیکەی چوار مانگ ڕاهێنانی سەربازییم کرد. ئەو ماوەیەی لە بەسرا بووم، لە سەربازگە ژیام، بەڵام شەوانی هەینی، بۆمان هەبوو لە دەرەوەی سەربازگە بمێنینەوە. هەموو هەفتەیەک، دوای نیوەڕۆی پێنجشەمە، بۆ پشوودان دەچووینە بەسرا. زۆرجار شەوێک لە هۆتێلێکی هەرزان دەنووستم، ئێوارەی هەینی دەگەڕامەوە سەربازگە.

**_خوێندنەوەی زۆر و بەردەوام، بەلای زۆرەوە، مرۆڤ بەرەو نووسین دەبات_**

لە بەسرا بڕیارمدا ئەو ماوەیەی لەوێم، ڕۆمانەکانی نەجیب مەحفوز بخوێنمەوە، کە لە کتێبفرۆشییەکان هەبوون، خوێندنەوەیان لە سەربازگە ئازاد بوو. لەگەڵ کتێبفرۆشییەک ڕێک کەوتم، هەر جارە ڕۆمانێکی نەجیب مەحفوزم لێ وەردەگرت، دوای خوێندنەوەی بۆیم دەگێڕایەوە و ڕۆمانێکی ترم لێ دەخواست. لە بەرانبەر ئەوەدا، نیودینارم بە باربوو لە لا دادەنا، لەبری هەر کتێبێکیش، پەنجا فلسم دەدایە.

لە ڕۆژانی خوێندنی زانکۆ فێری ئەو سەودایە و کتێبفرۆشتنەوە بووم. کاتێک کتێبێکم دەکڕی و دوای خوێندنەوەی کارم پێی نەدەما، بە نیوەی نرخەکەی دەمدایەوە بە کتێبفرۆشییەکە، گۆڤارێک یان کتێبێکی ترم لێ دەکڕی. جارێک مامۆستا تۆفیق وەردی کتێبێکی خۆی، کە تێکستی فۆلکلۆری بوو، بە دیاری پێدام. دوای خوێندنەوەی کتێبەکە، بە نیوەی نرخەکەی خۆی، دامەوە بە کتێبفرۆشییەکی سەرجادە، کە لە شەقامی ئەلڕەشید، ساحەی ئەلڕەسافی، کتێبی کوردیی دەفرۆشت. ڕۆژێک مامۆستا هاتە چایخانەی پەرلەمان، زۆر تورە بوو، وتی:

ئەو سەگباوکە، چوار مانگە دە کتێبم بۆ فرۆشتن لە لا داناوە، چووم حیسابی لەگەڵ بکەم، کەچی یازدە کتێبی لە لایە!

## بیری نوێ و جێگیربوون لە بەغدا

پاش ئازادبوون لە سەربازی، بڕیارمدا لە بەغدا بمێنمەوە و درێژە بە کاری ڕۆژنامەنووسی بدەم. لە ڕۆژنامەی بیری نوێ بە گەرمی پێشوازییان لێ کردمەوە. سەرەتا ویستم لە دەزگایەکی حکومەت کار بکەم، ئێوارانیش وەکو جاران، لە بیری نوێ ئیش بکەم. دەزگای هاوکاری چەند دەرچووی بەشی زمانی کوردی دامەزراندبوو، پێویستیی بە کەسانی تریش هەبوو، لەوێ داوای کارم کرد. هەر چەندە وەکو نووسەر ناسرا بووم، دوو ساڵ زیاتر ئەزموونی ڕۆژنامەنووسیم هەبوو، بەڵام کاریان نەدامێ.

دواتر لە وەزارەتی شارەوانی لە بەغدا، لە بەشی بەڕێوەبردن دامەزرام، ئێوارانیش وەکو جاران لە بیری نوێ کارم کرد، بەڵام زوو لەو کارەی وەزارەتی شارەوانی بێزار بووم، ڕۆژانە کات و وزەی زۆرم بەفیڕۆ دەچوون. پاش چەند مانگ وازم لە کارەکە هێنا، بە تەواوی خۆم بۆ ڕۆژنامەی بیری نوێ تەرخان کرد. ڕۆژنامەکە پێویستی بە من بوو، ڕاستییەکەی منیش پێویستیم بەو بوو، بەڵام باری ئابووریی ڕۆژنامەکە باش نەبوو. مانگانە بۆ کاری بەیانی و ئێوارانم، تەنیا سی دیناریان بۆ بڕیمەوە، کە نیوەی ئەو پارەیە بوو لە وەزارەتی شارەوانی و لە بری کاری ئێواران لە بیری نوێ وەرم دەگرت.

من لە (بیری نوێ) کارەکەم بەدڵ بوو، کاتی زۆرم بۆ خوێندنەوە و نووسین هەبوو. نزیکەی دوو ساڵێک بوو چووبوومەوە ڕیزی حزبی شیوعی. ئەو کارەم بە ئەرکی خۆم دەزانی. هەستم دەکرد خاوەنێکی ڕۆژنامەکەم، بەو جۆرەش کار و ڕەفتارم دەکرد. بۆیە خۆتەرخانکردن بۆ نووسین و کاری ڕۆژنامەنووسی لە بیری نوێ و مانەوە لە بەغدا، بۆ من وەکو نووسەر و ڕۆژنامەنووس، باشتر و بەسوودتر بوو. بەتایبەت ئەو مووچەیەی مانگانە لە بیری نوێ وەرم دەگرت لێم زیاد بوو، چونکە من زیادە مەسرەف و هەڵپەی پارە و سامانم نەبوو. لە بەغدا لە ماڵی کاکە محەمەدی برام و براژنە نەسرینم دەژیام، کە قەت پرسی پارە لەنێوانماندا نەبووە.

ساڵی ١٩٧٦ یەکەم کۆمەڵە هۆنراوەم (پشکۆکان دەگەشێنەوە)، بە کۆمەکی کۆڕی زانیاریی کورد چاپ کرا، بەڵام دەزگای سانسۆر (ڕەقابە)ی چاپەمەنی، کە نووسەر نەریمان بەرپرسی بەشە کوردییەکەی بوو، حەوت هۆنراوەی لێ لابردن، لەوانە: شەوێک لەسەر گۆڕی وەلی دێوانە، سکاڵای ئەستێرەیەکی تاساو، لەناو دڵۆپە فرمێسکێکدا، بەسەرهاتی نیگاکانم، تابلۆیەکی شارەکەم و دوو هۆنراوەی تر. ئەو کارە کەلەبەری گەورەی خستە کۆمەڵە هۆنراوەکە و ئاستەکەی دابەزاند، بەڵام بە ناچاری قبووڵم کرد، چونکە لەوە باشتر بوو چاپ نەکرێت. کورد دەڵێت زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە. دواتر ساڵی ١٩٧٩ ئەو هۆنراوە یاساخکراوانە، لەگەڵ کۆمەڵە هۆنراوەی ڕێژنە و چاپی دووەمی پشکۆکان دەگەشێنەوە، لە مهاباد بڵاوکرانەوە.

## ئەوینکوژی کۆمۆنیستانە بە بەهانەی ئایینی

لە بارەگای سەرکردایەتیی حزبی شیوعی و ڕاگەیاندن لە توژەڵە، چەند هاوڕێیی کچ هەبوون، کە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ بەناچاری، لە ترسی گرتن، ڕوویان لە شاخ کردبوو، دوو هاوڕێیان عەرەب بوون. یەکێکیان بە ناوی لینا، ئەوی تریان بە ناوی ژیان خۆیان ناساندبوو. هەردووکیان تازە قۆناخی خوێندنی ئامادەییان تەواو کردبوو. لینا خەڵکی نەجەف یان کەربەلا بوو. کچێکی هێمن، بەڕێز، ڕووحسووک و کتێبدۆست بوو. جارجار دەهاتە ژووری ڕاگەیاندن، سۆراخی کتێبی نوێی دەکرد، بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە. دوای ماوەیەک لینا لەگەڵ هاوڕێ سەلام، کە لە بارەگای ئێمە بوو، ئاشقی یەکتر بوون، بڕیاریاندا پێکەوە هاوسەرگیریی بکەن.

هەواڵەکە زوو لەناو پێشمەرگەکاندا بڵاوبۆوە. دڵخۆش بووین کە تەنانەت لەو دۆخە سەختەشدا، ئەوین دەتوانێ چرۆ بکات، بە هیوا بووین ئەو ئەوینە بەر بگرێت، بەڵام چەند ئەندامی سەرکردایەتیی حزبی شیوعی، بە بەهانەی ئەوەی سەلام ئێزیدییە و لینا شیعەیە، دژی ئەو کارە ڕاوەستان. چەند هاوڕێیی ئێزیدی کە لە شاخ بوون، ئەوانیش پێیان باش نەبوو سەلام کچێکی شیعە بهێنێت. سەلام هەوڵی زۆری دا، بەڵام

**هۆنراوەکەم بۆ گۆڤاری یەکێتیی نووسەران (نووسەری کورد) نارد، بە مەبەست نووسیبووم: هۆنراوەی ڕەفیق سابیر. چونکە دڵنیا نەبووم ئەوان بە شیعری دادەنێن**

سوودی نەبوو. دڵشکاو و بێهیوا، لەگەڵ چەند کادیر و پێشمەرگەی ئێزیدی و ناوچەی بادینان، ڕەوانەی بادینان کرا. سەلام لەوێوە بەردەوام نامەی بۆ هاوڕێکانی دەنارد، بێزاریی دەردەبڕی و ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیی تۆمەتبار دەکرد. کە ناهێڵێت سەلام و لینا بە موورادی خۆیان بگەن. بە هۆی ئەو نامانەی هاوڕێ سەلامیان لە بادینانەوە، بۆ لێپرسینەوە و سزادان، هێنایەوە بارەگای سەرکردایەتی، لە توژەڵە. لەوێ بە بەرچاوی لیناوە، زیندانی کرا. دوای دەورووبەری دوو مانگ ناردیانەوە بادینان و لەوێ شەهید کرا.

دواتر، کە من لە شاخ نەمابووم، هەمان کار لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر، کوڕێکی مەسیحی و کچێکی مسوڵمان، دووبارە کرایەوە، بە هۆی جیاوازیی ئایینی، ڕێگەی ئەوانیشیان نەدا ببنە هاوسەری یەکتر، لە هەردوو حاڵەتەکەدا، ئەگەر کوڕەکان مسوڵمان و کچەکان ئێزیدی و مەسیحیی بوونایە، بە دڵنیاییەوە، ڕێگرییان لێ نەدەکردن. حزبی شیوعی، بانگێشەی یەکسانیی ژن و پیاوی دەکرد، کەچی لە بواری کۆمەڵایەتیدا، بە تایبەت سەرکردە کوردەکان، کیوی بوون، وەکو فەقێ و کۆلکە مەلا ڕەفتاریان دەکرد.

ئەو کارە تەنیا تاوانێک نەبوو بەرانبەر بەو هاوڕێیانە کرا، بەڵکو سوکایەتیش بوو بە ئازادی و یەکسانیی ژن و پیاو، بە مارکسیزم و هەر بەهایەکی ئینسانی. باوەڕ ناکەم سەرکردایەتیی هیچ حزبێکی کۆمۆنیستی دنیا، کاری لەم جۆرەی کردبێت.

### لە پێشمەرگاتییەوە بۆ فەلسەفە

لە ناوەڕاستی نۆڤەمبەری ١٩٨٢ چوومەوە بولگارستان. لە پێشمەرگەیەکی شەکەت و دڵشکاوی نیشتەجێی نێوزەنگەوە، بوومەوە خوێندکاری ئەکادیمیای زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە سۆفیا. وەکو ئەو خوێندکارانەی حزبە چەپ و کۆمۆنیستییە نهێنییەکان دەیانناردن بۆ ئەکادیمیا، دەبوو ناوێکی خوازراو هەڵبژێرم، بۆ ئەوەی نەناسرێمەوە. من ناوی (سەلیم)م هەڵبژارد، هاوڕێ عەرەبەکان بە (ئەبو کاوە) بانگیان دەکردم.

لە بەشی ناوخۆیی قوتابیان، لە باڵەخانەیەکی گەورەی شەش قاتی، کە بۆ خوێندکاری دوکتۆرا تەرخان کرابوو، ژوورێکی گەورەی سەربەخۆیان پێدام. ژوورەکە حەمام، تەوالێت، دۆڵابی جلوبەرگ و کتێب و مێز و کورسیی تێدابوو، بەڵام ئەو قوتابیانەی لە قۆناخی خوێندنی زانکۆ بوون، بە دوو کەس ژوورێکی لەوجۆرەیان پێ دەدرا. لە هەر قاتێکی باڵەخانەکە هۆڵێکی گەورەی تەلەفزیۆن و موبەقێک هەبوو. موقەبەکە چەند تەباخ، سەلاجە، دۆڵاب و هەموو پێداویستییەکی چێشلێنانی لێ بوو. مانگانە ١٨٠ لیڤەی بولگارییان دەدایێ، کە هێندەی موچەی مانگانەی کارمەندێکی ئاسایی بوو.

کۆرسی فێربوونی زمانم سەرکەوتووانە تەواوکرد. من و خوێندکارێکی ئەسیوپی، بە ناوی سۆمۆلۆن، یەکەم بووین، هەردووکمان پاداشتەکەمان وەرگرت. دوای ئەوە دەستم بە خوێندنی فەلسەفە کرد. لەگەڵ سەرپەشتیاری باسەکەم، پرۆفیسۆر کۆستەنتین پۆپۆڤ، کە لە ئەکادیمیا و زانکۆی سۆفیا مامۆستا بوو، ڕێک کەوتین دکتۆرنامەکەم لەبارەی (ڕۆڵی کولتوور لە پێکهێنانی هۆشیاریی نەتەوەیی کورد) بنووسم، بەڵام باسەکە تەنیا کولتووری ڕۆحی – هزری بگرێتەوە، نەوەک کولتووری مادی، کە پێوەندیی بە شێوەژیان و جلوبەرگ و خۆراک و لایەنی تری مادیی کۆمەڵەوە هەیە. باسەکە وێڕای پێشەکی و ئەنجام، لە دوو بەند پێک هاتبوو، هەر بەندەی سێ بەش بوو.

ڕۆژی ١٨ای ٦ی ١٩٨٧ بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی دکتۆرنامەکەم دیاری کرا. دەبوو لە بەردەم لیژنەی تایبەتدا، کە چەند پرۆفیسۆر و دکتۆری فەلسەفە و کۆمەڵناس بوون، پوختەی بابەتەکە باس بکەم. ڕای خۆم لەبارەی سەرنجی ئەو دوو پرۆفیسۆرە بدەم، کە هەڵیان سەنگاندبوو. لەبەر ئەوەی بەشێکی باسەکە پێوەندیی بە سیستەمی سیاسی، ئایدیۆلۆجی و کولتووریی دەوڵەتانی تورکیا، ئێران و عێراق و خەباتی کولتووری و بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردەوە هەبوو، دانیشتنەکە بە داخراوی بەڕێوەچوو. ڕێگە نەدرا، جگە لە لیژنەی تایبەت و بەرپرسی ئەکادیمیا، کەسی تر بەشدار بن. ویستم هاوڕێم نەوید موعینی لەگەڵم بێتە ناو هۆڵەکە، کەچی ڕێگەیان پێ نەدا، بە ناچاری لە

**من بەشێک نەبووم لە گرووپی ڕوانگە، بەڵام کار و ئامانجی ئەدەبیی ئەوانم بە باش دەزانی**

دەرێ چاوەڕێی کردین.

هـەردوو پرۆفیسۆرەکە ڕاپۆرتی خۆیان خوێندەوە و بە باشی لەبارەی باسەکە دووان. وەڵامی سەرنج و پرسیارەکانیانم دایـەوە. دواتر چەند ئەندامی لیژنەکە پرسیاری زۆریـان لەبارەی دکتۆرنامەکە، کولتووری کورد و بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان لێ کردم. دانیشتنەکە، دوو سەعات زیاتری خایاند. دکتۆرنامەکە بە کۆی دەنگ زۆرباش پەسەند کرا.

## ژیانێکی قەرەجییانە

پاش تەواوکردنی خوێندن لە بولگارستان، لە ماوەی دوو ساڵدا لە چەند وڵات (جۆرجیا، ئەفغانستان، سووریا) ژیـام. نەمدەزانی دوای سووریا بۆ کوێ دەچـم، یان لە کوێ دەگیرسێمەوە. ئەو ژیانە قەرەجییانە بێتاقەتی کردبووم. ئەگەر بە تەنیا بوومایە، ئاسان بـوو، بەڵام هـەموو جارێک دەبـوو داوەتنـامـەی تایبەتی بۆ ئێکا (هـاوسـەرە جۆرجییەکەی) بنێرم، بۆ ئـەوەی مۆڵەتی سەفەرکردنی پێ بدەن. ئەویش بە فڕۆکە بچێتە مۆسکۆ، کە سێ سەعات لە باتومییەوە دوورە، بۆ ئەوەی ڤیزا وەربگرێت. لەوانەش ناخۆشتر ئەوەبوو نەمدەتوانی بلیتی فڕۆکەی بۆ بکڕم. دەبوو دایکوباوکی ئێکا کە مامۆستا بوون، مشووری بلیتی چوون و گەڕانەوەی بۆ بخۆن.

ئەو دوو ساڵەی لە ئەفغانستان و سووریا بووم، زۆر هەژارانە ژیام، ئەو ٣٥ دۆلارەی مانگانە من و ئێکا وەکو دەرماڵە وەرمـان دەگرت و دەبـوو پێی بژین، لە دۆخی ئاساییدا بەشی کڕینی کتێب، گۆڤار و ڕۆژنامەی نەدەکرد. لـەوێ نـە دەسـتم بـە براکانم و خوشکم دەگەیشت تا کۆمەکم بکەن، نە لە ڕووم دەهات داوا بکەم دەرماڵەکەمان زیاد بکەن، بەو نەدارییەوە، بێدەنگ، بێ بۆڵە و گرفت، بە هیوایەکی گەورەوە لەگەڵ ئێکا دەژیاین. دیارە کەس ناتوانێت تا سەر بەو جۆرە گوزەران بکات، بەڵام پێمانوابوو ئەوە کاتییە، تێ دەپەڕێت و لە جێیەک دەگیرسێینەوە، بە تایبەت کە من دەمویست خۆم بۆ نووسین و کاری ڕۆشنبیریی تەرخان بکەم. دەبێت بڵێم هەمووما‌ن هێندە هەژارانە نەدەژیاین، چەند سەرکردە و دەستوپێوندیان کە لە سووریا بوون، لە هیچیان کەم نەبوو.

لە سـەرەتای حوزەیرانی ١٩٨٩ منیش وێنەی سـەدان هاوڕێی تر، کە بۆ کاری حزبی یان حەوانەوە لە سووریا بوون، خۆم ئامادەکرد پەنا بۆ سوێد بەرم. وەکو زۆربەی هاوڕێیان بە ڕێگای مۆسکۆدا نەچووم، بەڵکو ڕێگای پۆلۆنیام هەڵبژارد. هاوڕێیان تەنیا ٨٠٠ دۆلاریان بۆ بلیتی فڕۆکە و خەرجیی ڕێگا و قاچاخچی پێدام، هەروا هەندێک پارەم بە قەرز لە هاوڕێیەک وەرگرت، کە دواتر لە سوێد دامـەوە. ئێکا، کە ئەو کاتە دووگیان بوو، گەڕایەوە بۆ جۆرجیا. منیش چوومە وارشۆ. بڕیار بوو لەوێ کەریم حیسامی و فەهد گردەوانی ببینم، کە لە سوێدەوە بە ئۆتۆمبێل دەهاتن بۆ وارشـۆ، بۆ ئـەوەی شلێر خانی کچی حیسامی بـەرن بۆ سوێد. لە وارشـۆ هەموومان یەکمان گرتەوە. کاک فەهد لە ڕێگەی برادەرێکییەوە، کە لە وارشۆ دەیخوێند، قاچاخچی دۆزییەوە. چووینە شارۆچکەیەکی باکووری ڕۆژئاوای پۆلۆنیا، کە لەسەر دەریا بوو. هەندێک پارەمان دا بە قاچاخچییەکە و تا شوێنی کۆنترۆڵی کەشتییەکە لەگەڵمان هات، لە کۆنترۆڵ ئاودیوی کردین و دابەزی. شەوەکەی لەناو کەشتییەکە، بیرە و ڤۆدکامان خـواردەوە. بەیانییەکەی گەیشتینە شاری یستاد، کە لە باشووری سوێدە.

ئەو کەسەی لە زێدی خۆی هەڵکەندرا، ڕەنگە نەتوانێت لە شوێنێکی دی، تەنانەت لە وڵاتی خۆشیدا، بە ئاسانی بڕوێتەوە. من لە چەندان وڵاتدا بۆ خوێندن، کار و حەوانەوە ژیـام. بە کولتووری جیاواز ئاشنا بـووم. سەرچاوەی خوێندنەوە و فێربوونم فرەڕەنگ و زمانی نووسین و ئەوینم جۆراوجۆر بوون. لەو پەرتەوازەبوونەدا بەشی خۆم سـوودم وەرگـرت و شـادیم بینی. هـەروا وەک (هۆلدرین) دەڵێت «لە خاکی بیانیاندا بە ژان ئاشنا بووم و لە زمانیش کەوتم». ژیانی قەرەجییانەی ئەو ساڵانەم چیرۆکی مرۆڤێکی ژیاندۆستی بێ وڵات بوو! مرۆڤێک کە ئازادی ئامانجی، باوەڕ و ئەوین سەرمایەی، زمانەکەی وڵاتی بوو.

دوای یازدە ساڵ دەربـەدەری، گەڕان بە گوند و کێو و دەشتدا، خوێندن، کارکردن و سوورانەوە لە شاران و وڵاتاندا، گەیشتمە سوێد، کاتێک لە کەشتییەکە دابەزیم و پێم خستە سەر خاکی ئەو وڵاتە، یەکەم شت کە بە بیرمدا هات ئەوە بوو کە، تا ئەو ڕۆژەی دەتوانم ئازادانە لە زێدی خۆم بژیم، ئێرە وڵاتمە. سەرەنجام لێرە ماڵێکمان دەبێت، کە میهرەبانانە لە ئامێزی خۆیمان دەگرێت و دەمانپارێزێت. ماڵێک، وەکو مارک توین دەڵێت: دڵ و ڕۆح و چاوی دەبێت تا بمانبینێت، تێمان بگات، هاودەرد و هاوسۆزمان بێت. ماڵێک دەبێتە بەشێک لە ئێمە و جێی متمانەی ئەو دەبین، لە سایەی چاکە، ئاسوودەیی و بەخشندەیی ئەودا دەژین.

# کۆپلەیەک لە قەسیدەی وەرزی سەهۆڵبەندان



دوو دڵداری بێ وڵاتین
دوو دڵداری ڕۆژهەڵاتیین!
با ئەم هەورانە ڕەت بین دەنکە لمێکی سووتاوی کەناری دڵم تەڕ نەکەن.
با جاش و بیژووی هەرەس و فڕۆکە هارەکان، ماچی لێومان بدزن و بە تەنیا لەپاڵ کەلاوەکەدا جێ بمێنم.
دەزانم کە ئەم شانۆیە لەناکاو خۆی پێچایەوە، دەبێت شووشەی بەتاڵ کۆ بکەمەوە، دەبێت ئەم ناوە خاوێن بکەمەوە،
یان دەبێت بە دەستی لەرزۆکم
ملم بەرەو پەتەکە هەڵببڕم
خەنجەرەکە لەنێو دڵمدا نوقم بکەم و
جارێکی دی لاوکی
جوانەمەرگیم بچڕم.

تۆیش (مادۆنا) ڕەشپۆشەکەم بە تەنیا گالیسکەی نەبوون ڕادەکێشیت،
جوانەمەرگیم بە فرمێسکان دەشۆیتەوە
ژیان لە خم هەڵدەکێشیت.
دەزانم.... گیانە.... دەزانم
بەڵام خوشم دەوێیت.
دەزانم
گیانە!
دەزانم
بەڵام............

ئەمشەو هاتووم لەپاڵ پشکۆی بەر باراندا
بۆ دیدەی پیرۆزەییت گۆرانیی لاساری دەچڕم
لەنێو سەگوەڕ و تاواندا
بۆ بەرۆکت چەپکێک ئەستێرە دادەگرم

لەسەر تاوێری تینوویێتی
ڕوخساری خۆم هەڵدەکۆڵم
ڕێ بە ڕێژنە و لافاو دەگرم.

بە نێو ئاژاوەو سەگوەڕدا
بەرەو لات دێم
چەپکێک ئەستێرە دادەگرم
سەرم دەکەم بە کەژاوەی نهێنییەکان
ئاڵای بروسکە هەڵدەبڕم.
لە بیابانی سەهۆڵدا
لەنێوان هاژە و شەپۆلدا
چرایەک بە بەژنی (با)دا هەڵدەواسم
لەگەڵ تۆ
ڕێی نەهات دەبڕم.

جارێکی دی
مەنفا ئاشقی کردەوە
جارێکی دی
ئەڤین منداڵی کردەوە
لە تاریکی سەدەکاندا
نهێنی هەڵیگرتەوە
لەنێوان کانی و سەرابدا
چرای گومان و مەحاڵی هەڵکردەوە
بە باڵای تیشکدا هەڵگەڕا و
ڕۆحی تینووی بە ڕێژنەی ئاگر شوشتەوە

جارێکی دی
ئەڤین منداڵی کردەوە
سەری بە سنگی دەریا کرد
قوڵەکانی بەسەر ئاینده و مێژوودا
شۆڕکردنەوە.

**سۆفیا، نیسان-ئابی ١٩٨٦**



هەواڵنامەی کتێب